ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی
دەزگای O.P.L.C. بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان
ژمارە (٤٠)

# هەرێمی کوردستان و دەستووری هەمیشەیی

نووسینی
بەختیار غەفور باڵەکی

هەولێر / ٢٠٠٦

## دەزگای *O.P.L.C.* بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە

## پڕۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەكان

## ژمارە ( ٤٠ )

**ناوی پەرتوك** : هەرێمی كوردستان و دەستووری هەمیشەیی

**نووسەر** : بەختیار غەفور باڵەكی

**كۆمپیوتەر** : نووسینگەی هیوا

**داڕشتنی بەرگ** :گۆران مغدید كریم

**تیراژ** : (٥٠٠) دانە

**ساڵی** : ٢٠٠٦

# نـــــــاوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٤ |
| پێگەی کوردلەسیاسەتی نوێی ئەمەریکا | ٥ |
| پێگەی کورد لەپرۆژە پێشنیار کراوەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ٨ |
| پێگەی کوردلەعێراقی تازە | ١٢ |
| کەی پرۆسەی بەعەدالتبوونی عێراق دەست پێ دەکات | ١٥ |
| ئایندەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. . . | ١٩ |
| کوردستان و دارشتنی دەستووری هەمیشەیی | ٢٢ |
| دەستووری هەمیشەیی و ئەنجومەنی هەرێمەکان | ٣٣ |
| پێگەی کورد لەدادگای فیدرالی و دستەڵاتی دادوەری | ٣٧ |
| فیدرالیەتی کوردستان وئانیدەی عێراق لەWTO | ٤١ |
| عێراقی تازەو ئایندەی ئاو لەکوردستان | ٤٦ |
| کورد لەنێوان بوونی دەسەڵات ونەبوونی دەستووردا | ٤٩ |
| بۆ داخوازییەکانی کورد جێ بەجێ ناکرێن. | ٥٢ |
| کەرکوک کیلی چارەسەری کێشەکانە | ٥٤ |
| دوای زیاتر لە ٢٧ ساڵ لەسەر داخوازی بارزانی نەمر. . . | ٥٨ |
| ئەگەر فیدرالیەتمان پێ رەوانەبینن ریفراندۆم چارەسەرە | ٦١ |

# پێشەكی

ناوەڕۆكی ئەم پەرتوكە كۆمەڵە بابەتێكمانە كە لەرۆژنامەی خەبات هەفتەنامەی گوڵان بڵاوكراوەنەتەوە لەمەڕ پرسی كوردو داخوازییەكانی لەعێراقی فیدراڵدا.

بابەتەكان هەریەكەیان تیشك دەخاتە سەر بوارێك و لایەنێك كە گرنگیدارو یەكلا كەرەوەن لەدۆزی رەوای خەڵكی كوردستان بۆیە هەوڵدراوە ئەگەر بەكورتیش بێت هەڵسەنگاندنێكی بۆ بكرێتو پێشنیاریشی بۆ ئامادەبكرێت تالەرێگای ئەم پێشنیارو بیرو بۆچونانەدا هەوڵ بدرێت كە پێگەی كوردو خەڵكی كوردستان رۆژ لەدوای رۆژ لەعێراقی فیدرالدا بەهێزترو توندوتۆلتر بكرێت بەتایبەت لەناوەڕۆكی دەستووری هەمیشەییدا.

كورد لەعێراقی ئیمرۆدا بۆتە هاوكێشەیەكی بەهێزی رووداوەكان و ئەركە لەسەر خەڵكی كوردستان زۆر بەروونی لەم راستیە بگەنو مامەڵەی لەتەكدا بكەن تابتوانن رووداوەكان بەباشترین شێوە بقۆزێتەوەو بتوانێ ئەم ئامانجانە بەرجەستە بكات كەقوربانی زۆریان لەپێناودا بەخت كردووە.

ئایندەی رووداوەكان ئامارە بەگۆڕانكارییانە نوێ لەعێراق ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن بەو هیوایەی ئەم گۆرانكارییە لەخزمەتی كوردو بزوتنەوە رزگاریخوازەكەی بن.

**هەولێر**

**٢٠٠٥/٨/٥**

# پێگەی کورد لەسیاسەتی نوێی ئەمریکادا

لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی نوێ، مرۆڤایەتی چەندین گۆڕانکاری کاریگەری بەخۆیەوە دیت، کە ڕێڕەوی گشتی ڕووداوەکانی گۆڕی، بەجۆرێك پێشبینی نەدەکرا.

چاودێرانو شیکارە سیاسییەکان گۆڕانکارییەکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی پێشوویان بەگۆڕانکارییەکانی ئەم سەدەیان ناساند، بەهۆی کاریگەریو رۆڵی ئەم گۆڕانکاریانە، کەچی لەگەل دەستپێکردنی سەدەی نوێدا، چەندین گۆڕانکاری ئەوتۆ سەریان هەڵدا، کەلەکاریگەریو بایەخی ڕووداوەکانی سەدەی پێشووتری کەم کردەوە، هەربۆیەش شیکارە سیاسییەکان بەپێی ڕووداوە تۆمارکراوەکان، چاوەڕوانی پێشهاتی نوێن بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو خۆرهەڵاتی دوور.

کێشەی عێراق بەگشتیو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەگەڵ چوونە ناوی سوپای عێراق بۆ وڵاتی کوێتدا، جۆرە گۆڕانێکی نەوعی ئەوتۆی بەخۆیەوە دیت، کەچوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی دیت (ئەگەر مرۆڤیش بوو) کەئەم رەوشەش تاکۆتایی ساڵانی نەوەتی کێشا، دواتریش لەگەڵ ڕێککەوتننامەی واشنتۆنو دەسپێکی سەدەی نوێدا، کەوتە نێو ڕێرەوێکی نوێی جیهانی کەبەسازدانی کۆڕو سیمیناری نێودەوڵەتی لەسەر ئەم دۆزە دەستی پێکردو گەیشتە ئەو ئاستەی، کەبانگهێشتی سەرکردایەتی کورد

بکرێت، بۆ لەنزیك ئاگابوون لەکێشەو ئاریشەکان، ئەم کۆڕو سیمینارانەی لەم دواییانەدا، لەولاّتانی ئەسکەندەنافیاو ولاّتانی دیکەی ئەورووپی بەستران، ئەوا نموونەیەکی بەڵگە نەویستی ئەم ڕەوشەیە، ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستیەی کەسەرکردایەتی سیاسی ئەم ولاّتانە پێی گەیشتوون بەوەی کێشەی هەرێمی کوردستان بەتەنها کێشەیەکی مرۆیی ڕووت نییە، بەڵکو پێویستی بەچارەسەریەکی عادیلانەی سیاسی هەیە، تاوەکو ناوچەکەو جیهان ئارامیو هێمنی بەخۆیەوە ببینێت.

دەسەلاّتی سیاسی هەرێمی کوردستان، دوای (١٢) ساڵ پیادەکردنی سیستەمێکی دیموکراسیو پەرلەمانیو گرتنەبەری سیاسەتێکی هێمنانەو واقعیانە، بەدیاری خست کەسیستەمێکی شارستانیانەی بێ وێنەیە،کەویستی لەئازادی و ژیانی تەباییەو هەر ئەم سیاسەتە واقعیانەو سەردەمانەش وایکرد، کەڕۆژ لەدوای ڕۆژ، هەنگاوی بەتواناو کاریگەرانەتر بهاوێژێت، هەرئەم سیستەمەو سیاسەتەش وای لەزۆر لەسەرکرایەتی ولاّتان کرد، وەکو نموونەیەکی زیندووی دیموکراسی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا ئاماژەی پێ بدەن.

دۆزی ڕەوای خەڵکی کوردستان دوا بەدوای ئەم لێدوانە سەرنج ڕاکێشانەی ئەم دواییەی کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەبارەت بەرەوشی دیموکراسی لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستو نەخشەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەم ڕووەوە

لەپێناو پەرەپێدانی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا، تەنها چاوەڕوانی ئەگەرو گۆڕانکاری نوێیە، کەپێگەی ئەم واقیعەی ئێستای هەرێمی کوردستان، بایەخدارترو کاریگەرانەتر دەکات، چونکە دیموکراسی (١٣) ساڵەی رابردووی هەرێمی کوردستان، ئەو رەوشەی بۆ بڕیار بەدەستانی وڵاتانی خۆرئاوا، بەرجەستەکردووە، کە ئەگەر بەپەرۆشی جێگیرکردنی دیموکراسیەت، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا پێویستە پشتگیری لەم ئەزموونەی ئێستای هەرێمی کوردستان بکرێت، تا زیاتر گەشەبکاتو کاریگەری لەناوچەکە هەبێ، هەربۆیەش دۆزی کورد بەپێی ئەم سیاسەتە نوێیەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەلەسەر زاری وەزیری دەرەوە راگەیەندرا، ئەوا چاوەڕوانی پێشهاتو رووداوی ئیجابیانەی نوێیە.

***رۆژنامەی خەبات/ ( ٣٨٧٦ )، چوارشەم، ٢٠٠٢/١٢/٢٥**

# پێگەی کورد لە پرۆژە پێشنیارکراوەکەی
# رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا

لــــەماوەی رابــــردوو داو لەهـــەنگاوێکی گرنگـــی بایەخـــدار، وڵاتـــە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا دەقـــی پرۆژەیـــەکی پێشـــکەش بەوڵاتـــە پیشەسـازییەکان کردکـە بـە(٨) وڵاتـە پیشەسـازییەکە ناسـراون تـاوەکو لەمانگی حوزیرانی داهاتوو تـاوتۆ بکرێـتو پەسـەندبکرێت دەقـی پرۆژەکـە تایبەتە بەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە کەسـەرجەم وڵاتـە عەرەبیـەکانو ئێرانو پاکستانو ئەفغانستانو تورکیاو ئیسرائیل دەگرێتـەوەو ئامـانجیش لـەم پرۆژەیـە هـەروەکو لەدیباجـەی پرۆژەکـەدا هـاتووە هێنانـە کایـەوەی بـارودۆخێکی چاکسـازییە لـەم ناوچـە گرنگـەداو ئـەم پرۆژەیـەش لەسـێ تـەوەری سـەرەکی پێکهاتووەکـە هانـدانی دیموکراسـیەتو فـەرمانڕەوایی چاکە لەناوچەکە لەگەڵ دامەزراندنی بناغەیەکی پتەوی زانیـاری بـۆ هێنانـە کایەوەی هەڵی کاری فراوانو بۆ ئەنـدامانی کۆمـەڵ، چـونکە هـەروەکو لـە سەرچـاوەکانی پســپۆڕ راگەیەنــدراوە ئــەوا تــەنها ١و٦٪ لـــەژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە ئـامێری ئەنتـەرنێت بـەکاردەهێنن لەکاتێکدا نزیکـەی ٦٠٪ دانیشـــتوانی وڵایەتـــە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا هـــەمان ئـــامێر بـەکاردەهێنن جیـا لـەوەی کەرێـژەی بێکـاران لەناوچـەکە دەگاتـە (١٥) ملیـۆن لـەناو توێـژی لاوان وڕێـژەی (٩٣٪) ئـافرەت رێگایـان پێنادرێـت

کەبەشداری پرۆسەی بنیاتنانەوە ببن، پرۆژەکە ئەگەر پەسەند کرا ئەوا بەخاڵێکی یەکلاکەرەوەو قۆناغێکی نوێ لە ناوچەکە دەژمێردرێت، چونکە پراکتیزەکردنی پرۆژەکە لەم ناوچەیە سەرچاوە دەگرن‌و تەشەنە دەکەن‌و ئەگەر هاتوو ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە وەکو خۆی جێبەجێ کرا ئەوا ناوچەکە وجیهان گۆڕانکارییەکی نوێی سەرتاسەری بەخۆی دەبینێت. هەرچەندە پرۆژەکە لەبواری تیۆرییەو تائێستاش نەکەوتۆتە بواری پراکتیکەوە، بەڵام لەبەر گرنگی وکاریگەری پێشبینکراوی پرۆژەکەوە چەند بیروبۆچوون‌و هەڵوێستی جیاجیا راگەیەندراوە کەزۆربەیان دژ بەپرۆژەکەن‌و ئەم جۆرە هەڵوێستانەش لەناوچەیەك بەنامۆ دانانرێت کەرژێمە سیاسیەکانی لەسەر تاکڕەوی‌و خۆسەسپاندنی ژیانی فەرمانڕەوای درێژە بەمانەوەیەیان دەدەن‌و هەر ئەم گیانە دیکتاتۆریەش وایکردووە کەباری ئابووری‌و فەرهەنگی ناوچەکە بەم ئاستە نزمە بگات کەپێگەیشتووە، بۆیە بەپراکتیزەکردنی پرۆژەکە ئەوا سەرجەم رژێمە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە وەلادەنرێن‌و پەراوێز دەکرێن.

عێراق بەر لەپرۆسەی ئازادکردنیدا بەقەڵای دیکتاتۆریەت‌و سەرکوتکاری دەژمێردراو هاوشێوە لەگەڵ رژێمە دیکتاتۆرییەبراکانی ئەوا دژ بەم جۆرە پرۆژانە دەوەستا،چونکە بڕوای بەگۆڕان‌و مافی کەسانی دیکەدا نەدەکرد لەژیانی پڕ لەکامەرانی و مافەکانی مرۆڤ ،بۆیە ئەگەر ئیمڕۆ ئەم جۆرە پرۆژەیە خراوەتەڕوو کەلەکاتێکدایە کەسەرجەم گەلانی

عێراق گرتینیان کردۆتە یەك بۆ چاکسازی هەمە جۆری سیاسیو ئابووری و فەرهەنگیدا ئەوا بەبێ گومان بەم پرۆژەیەش دەبێتە هاندەرو پاڵپشتێك بۆ بەدی هێنانی ئەم هیواو ئاواتانەی کەخەڵکی عێراق خەباتی بۆ دەکەن.

خەڵکی کوردستان لەهەرێمی ئازادکراودا وابۆ ماوەی زیاتر لە(١٢) ساڵ هەوڵ بۆ دامەزرندانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەدات کەدیموکراسیەتو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتو بەرەو پێشبردنی نیشتمان لەبوارەکانی ئابووریو فەرهەنگی بەهێلکارە سەرەکیەکانی حکومەتی هەرێم دەژمێردرێت بۆیەئەگەر ئیمرۆ ئەم پرۆژەیە رابگەیەندرێت ئەوا لەگەڵ ئەو ئامانجانە یەکدەگرێتەوە کە کورد زۆر لەمێژینەیە خەباتی بۆ دەکاتو بۆی کردووەو بێگومان بە پراکتیزەکردنی پرۆژەکە ئەوا کورد لەو وڵاتانەی تیادا سنوور بەندکراوە کەهەرهەموویان دەگرێتەوە چ لەئێران یان سوریا یان تورکیا جیالەعێراقدا بێت ئەوا بەلایەنی کەم بەومافە سەرەتاییانە شاد دەبێت کەسالانێکە لێیەوە بێبەشکراوە بەتایبەتی لەرووی بەشداریکردنی لەدیاریکردنی رژێمی فەرمانڕەوای پارتی سیاسیو بەکارهێنانی زمانی کوردی جیا لەگەشەکردنی توانا فەرهەنگیەکانی لەرێگای بەکارهێنانی ئامێرەکانی پێشکەوتووی سەردەم جیا لەئاوەدانکردنەوەی دێهاتە وێرانکراوەکانی بەمەبەستی دۆزینەوەی هەلی کارکردن بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵکی ناوچەکە .

كورد زۆر بەگەشبینیەوە دەڕوانێتە ئەم پرۆژەیە بەو هیوایە دەڕوانێتـە پرۆژەكە كەببیتە هۆكارێك بۆ لادانی ئەو غـەدرە مێژوویـیەی كـە دەرهـەقی كراوەو هەر چەندە ئەم پرۆژە تایبـەت نییـە بەچارەنووسـی كـورد، بـەڵام بەشێوەیەك لەشێوەكانی دەبێتـە هانـدەر بـۆ لابردنـی سـتەم دەرهـەقی ، چونكە بوونی كـورد بەسـتراوەتەوە بەگەشـەی كردنـی ناوچـەكە لەهـەموو بوارەكـانیو هــەركاتێك ناوچــەكە گەشــەی كردئــەوا كــوردیش تــەكانو پێشكەوتن بەخۆیەوە دەبینێـت بـۆ دیـاریكردنی چارەنووسـی لـەئازادی و پێشكەوتندا.

* **رۆژنامەی خەبات،( ١٤٣١ )، هەینی** ٢٠٠٤/٦/٧.

# پێگەی کورد لەعێراقی ئایندە

دوا بەدواکانی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانو لەسەرەتاکانی سالآنی بیستەمی سەدەی پێشوو لەرێگای رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دەوڵەتی عێراق دامەزرائێندراو بەمەش گەلی کورد لە کوردستانی عیراق بوو بەبەشێکی زیندووی ئەم وڵاتەو لە هەمان کاتیشدا بوو بەهاوبەشی سەرەکی گەلی عەرەب لە عێراقدا، کە دواتر زۆر بەروونی لەدەستوورە کاتیەکەی عێراقدا تۆمارکراوو بووەبەردی بناغەی عێراقێکی نوێی پێکەوە ژیانو یەکگرتوو.

بەدیارخستنی رۆڵو پێگەی کورد لەدەستووری کاتیدا بۆ ئەو واقیعە بەرچاوەو رووداوە مێژووییانە دەگەرێتەوە کەئاماژە بە کاریگەری پێگەی کورد دەکەن بۆچارەسەری و یەکلاکردنەوەی سەرجەم کێشەو ئاریشەکان کە گەلانی عێراق بەدرێژایی دروستبوونی وڵاتی عێراق بە دەستیەوە دەینالآندو هەربۆیەش گەلی کورد بەبەردەوامی کۆڵەگەوو هێزی نهێنی مانەوەی عێراقو گەشەکردنی بووە.

هەر چەندەگەلی کورد بەدرێژایی (٨٢) ساڵی دامەزراندنی وڵاتی عێراق هەمیشە رووبەڕووی سەرکوتکردنو پێشێلکاری مافو ئازادییەکانی بۆتەوەو لەم بارەیەشەوە رووبارێك خوێنو هەزاران قوربانی پێشکەش کردووە، بەڵام سەرباری ئەمەش هەردەم گەلی کورد بەکۆڵەگەو بناغەی

پێشکەوتنی عێراق و مانەوەی دەژمێردرا بۆیە کەئیمڕۆ سەرکرایەتی سیاسی کورد لەبەغدای پایتەخت دەبینرێ کە ڕۆژانە چەندین چالاکی جۆراو جۆر بەئەنجام دەگەیەنێت بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی عێراق ئینتیقالی ئەوا ئەم چالاکیانە بۆ هەمان بیروبۆچونمان دەگەڕێنێتەوە کە گەلی کوردو سەرکردایەتیە سیاسیەکەی هەمیشە لەگەڵ پێکەوە ژیانی برایانەی گەلانی عێراق بووینە لەهەموو کاتو ساتێکدا، لەخەمخۆری کێشەی گەلانی کوردستان و عێراق بووەو ئەم ئامادەبوونەوەی ئێستاشی لەبەغدا کەتەنها وتەنها بۆکەمکردنەوەی کێشەکان و نەهێشتنیانە ئەوا رەنگدانەوەی ئەم واقیعەیە کە گەلی کورد هاوبەشە لەم وڵاتە، هەر بۆیە لەپێناو دووبارە نەبوونەوەی کارەساتەکان و بەمەبەستی دڵنیابوون لەداهاتووی عێراق ئەوا پێویستە ئەم ڕۆڵو پێگەیەش بۆ کورد بگەڕێتەوە کەساڵانێکی دوورودرێژە لێی قەدەغە کراوەو باسی لێوە ناکرێت و ئەزموونی حوکمڕانی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق بەڵگەیەکی بەرچاوە بۆ لێهاتوویی و شارەزایی کورد لەفەرمانڕەوایەتیەکی شارستانیانەی حوکمڕانی بۆیە کاراکردنی ڕۆڵو پێگەی کورد لە فەرمانڕەوای داهاتووی عێراق بەباشترین متمانە دادەنرێت لەپێناو پارێزگاریکردن لەمافە ڕەواکانی سەرجەم خەڵکی عێراق، چونکە ئەم چەند ساڵەی حوکمڕانی بەپێشینەو تاقیکردنەوەیەکی بێ وێنەی سەلماندنی لێهاتوویی و دڵسۆزیی سیاسی کورد بۆ ژیانی نوێی هاوچەرخ بەدیار دەخا

ئەگەرگەلانی عێراق بەگشتی وهێزە سیاسیەكانی بەتایبەتی لە هەنگاوە سەرەتاییەكانی دامەزراندنی عێراقێكی دیموكراسیو وپێشكەوتوودا بێت ئەوا بە بێگومان دەبێ ئەم هەنگاوە لەو سەرچاوە بناغەبگرێت كەئەو مافە بەكوردو سەركردایەتیەكەی بدرێتەوە كەسالآنێكی دوورو درێژە لێی قەدەغە كراوە، بۆیە هەموو لێكدانەوەكان ئاماژە بەو راستیە دەكەن كەدەبێت ئەو رۆڵو پێگەیەی كەكورد لەعێراقدا هەیەتی بەوەی هاوبەشو گەلی سەرەكی ئەم وڵاتەیە، ئەوا پێویستە بەو پێگە شایستەی شاد بێت تاوەكو هەروەكو چۆن زانراوە كەكورد بەكۆڵەگەو هێزی نهێنی مانەوەی عێراقو گەشەكردنی دەژمێردێت ئەوا لە داهاتووشدا هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە تاوەكو پێكەوەو جیا لە هەرجیاكاریەكو بەوپەڕی دڵنیا بەخۆبوونەوەو دوورلەپێشێل كردنو سەركوتكردن هەنگاو بەرەو ژیانێكی دیموكراسو پێشكەوتوو بهاوێژین كەتیایدا مافوئازادییەكانی یەكە یەكەی گەلانی عێراق پارێزراو بێتو بەمەش بناغەی كۆمەڵگایەكی هاوچەرخ دادەمەزرێنین كەدوا رۆژو ئایندەكەی رووناكو پرشنگدارە.

*** رۆژنامەی خەبات، (١١٤٠)، یەك شەم ،٢٠٠٣/٥/١٨**

## کەی پرۆسەی بەعەدالەتیبوونی عێراق دەست پێدەکات؟

ئازادیو عەدالەت دووبنەمای روحی ژیانی ئادەمیزادن کەکاریگەرییان لەهەردوو بنەماکەی دیکە مادی ژیان(ئاوو هەوا) کەمتر نییە، بۆیە لەگەڵ ناهاوسەنگبوونی ئەم دووبنەمایە ئەوا شپرزەی و ناسەقامگیری باڵ بەسەر وڵات دەکێشیّ.

ئازادیو عەدالەتبوون لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی دیکە بەرزو نزمی بەخۆیەوە دەبینێت بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەهەست بەئازادیو عەدالەتبوون بکرێت ئەگەر بەنیوە چڵی یان بەرێژەیەکی کەمیش بێت چونکە عەدالەتو ئازادییەکی ناتەواو لەبێ عەدالەتیو سەرکوتکردن باشترە.

لەوەتەی وڵاتی عێراق دامەزراوە بە ئیستثناکردنی چەند ماوەیەکی کەمی ئەوا نەئازادیو نەعەدالەت لەم وڵاتەدا نەوەکو تەنها نەبووە بەڵکو هەستیشی پیّ نەکراوە هەربۆیە گەلانی عێراق هەردەم لەترسو دڵەراوکیّ ژیاونو هەمیشە هێزی چەكو بەرەنگاربوونەوە بۆتە زمانی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی تاگەیشتە ئەوسەردەمە دیکتاتۆریەی کەگەلانی عێراق لە ماوەی رابردوودا بەدەستیەوە دەیناڵاندو ئاکامەکەی بەگۆڕستانێکی گەورەو ملیۆنان قوربانیو بەهەدەردانی دەیان ملیۆن دۆلاری ئەم وڵاتەو ئاوارەکردنی دەیان هەزار ماڵ کۆتا هات جیا

لەوەدەرنانی زیاتر لەچەندین ملیۆن مرۆڤ بەرەو هەندەران تاڵە تاراوگە بەهیواکانی لەئازادیو عەدالەتدا شادبێت، ئەو عەدالەت و ئازادییەی کە لەوڵاتەکەی لێ زەوت کراوەو خەون لەئاستیانداده‌بینێت.

سەرکوتکردنو ناعەدالەتی بەردەوامی پێشو پاشی بەدەوڵەتبوونی عێراق وای لەگەلانی کرد کەرقیان بەرامبەر هەمووشتێك بێت کەناوی دەسەڵاتو فەرمانڕەوای لێ بێت هەربۆیە هەمیشە لەرەوشێکی نائارام وبێ متمانەییدا ژیاوە تا لە٩ی نیسانو دوای تێپەڕبوونی ٨٣ ساڵ لە بەدەوڵەتبوونی عێراق، سەرجەم گەلانی عێراق بە ئازادی شادبوون، ئەو ئازادییەی کەدەیان هەزار رۆڵەی لەپێناویدا کردە قوربانی ووێنە زیندووەکانی سەرشاشەی کەناڵەکانی ئاسمانی کەلەرۆژی روخانی دیکتاتۆریەت لەعێراقو ناوجەرگەی بەغدای پایتەختیان پەخش دەکرد، باشترین تەعبیر بوون بۆ هەستی ئازادخوازی گەلانی عێراقو لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیەك بوو بۆ کۆتایی هاتنی ئەو هەموو ساڵە رەشانەی دیکتاتۆریەت وسەرکوتکردن.

ئیمرۆ کەزیاتر لە(٣) سێ مانگ بەسەر کۆتا هاتنی پرۆسەی ئازادبوونی عێراق تێدەپەڕێت، گەلانی عێراق بەوپەڕی گەشبینیەوە چاوەڕوانی داهاتوویەکی رۆناکن کەجیا لەئازادبوندا ئەوا رەوشی عەدالەت و دادوەری ئەم وڵاتە بگرێتەوە بە جۆرێك هەموو ئەندامێك لەمافو ئازادییەکانی زامن بێتو بەپێی دەستوورو رێسایەك داکۆکی لێ بکرێتو

بپارێزرێت. هەلومەرجی ئێستای ئازادی بەزەمینەیەکی لەبارو گونجاو دەژمێردرێت بۆ دەستەبەرکردنی عەدالەتو دادوەری لەعێراقی ئایندەدا بەشێوەیەك کەدیکتاتۆرەکان لەخەڵکی زەوت بکات.

رەوشی ئازادی ئیمڕۆی عێراق دەکرێ بکرێتە سەرەتایەك بۆ عێراقێکی ئایندە کە ئازادییەکانی تیادا بەتەواوەتی پارێزراو بێتو لەهەمان کاتیشدا ئەم ئازادییە بقۆزێتەوە بۆ داڕشتنی عەدالەتێکی گونجاو کەهەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە کە بەبەرجەستەکردنی ئەم عەدالەتە (ئەگەر رێژەییش بێت) ئەوا دەتوانرێ بگوترێ کەپرۆسەی ئازادبوون ئامانجەکانی پێکاوەو بەکۆتا هاتووە.

زوڵمی کۆنی سەردەمی دیکتاتۆریەتو ئازادی ئەمڕۆی دوای روخانی سەرکوتکردنوا لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دەخوازێ کەبەجیدی بیر لەرێگاو شونێکی گونجاو بکەنەوە بۆ دارشتنی بنەما سەرەکییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ کە ئازادیو عەدالەتی تیادا بەرقەرار بێت.

هەلومەرجی ناسەقامگیریو نائارامی ئیمڕۆی عێراق ئەگەر تا رادەیەك بۆتە کۆسپ بۆ هەنگاونان بەرەو داڕشتنی بنەماکانی عەدالەتخوازی بەلام بەبێ گومان ئەم رەوشە نائارامیەش کۆتا دێتو پرۆسەکانی شارستانیەتیش رێڕەوی خۆی وەردەگرێت،هەر چەند کەبەکۆتا هاتنی ئەم پشێویەی ئێستای وڵاتی گرتۆتەوە کاتو

بارودۆخێکی دەوێتو پێویستی بەلەخۆبردن وخزمەتکردن هەیە تاهەتا هەتایە ئەو وڵاتەو گەلەکەمانی بەئاسودەیی بژین.

نەمانی دیکتاتۆریەت بووە دەسپێك بۆئازادیو جێگیرکردنی ئازادیش دبێتە پاڵپشت بۆ عەدالەتێك کەهەموو گەلانی ئەم وڵاتە خەونی لە بەرامبەردا دەبینن و بەدی هاتنیشی رۆژ لەدوای رۆژ نزیکترو روناکتر دەبێت.

* **رۆژنامەی خەبات،** (١١٨٩)، **دووشەم،** ١٤/٧/٢٠٠٣.

# ئاییندەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەنێوان TAL و دەستووری هەمیشەییدا

دوای مشتومڕێکی فراوان لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمو لەشەوی (٢٩/٢٨)ی شوباتی ٢٠٠٤یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (TAL) وەکو دەستوورێکی کاتی بێ هاوتا لەمێژووی دەستوورە کاتییەکانی عێراق هاتەکایەوە، هەرچەندە هاوشێوەیە لەگەڵ سەرجەم دەستوورەکانی دیکەی عێراق بەوەی کاتییەو تەنها بۆ ماوەی قۆناغی گواستنەوەیە، بەڵام خودی دەستوورەکە بێ هەوتا بوو لەبەرامبەر دەستوورەکانی پێشووی عێراق، چونکە چەندین چەمکی نوێی بەرقەرارو چەسپاند کە سەرجەم دەستوورەکانی دیکە، نەوەکو ئامارژە بەڵکو دوورنزیك باوەڕیان پێ نەدەهێنا، کەگرنگترینیان چەمکی دیموکراسییەتو فیدراڵییەتی عێراقن جیا لەوەی دانهێنان بەزمانی کوردی کەهاوشان بێت لەگەڵ زمانی عەرەبی وجەختکردن لەبڕواهێنان بەپەرلەمانو حکومەتی هەرێمو وەکو دوو دامەزراوی شەرعی هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرباری ئەم چەمکە نوێیانە کەچی TAL وەکو سەرجەم دەستوورەکانی دیکەی عێراق دوور نەبوو لەچەندین کەموکورتی جیاجیا بەوەی یاساکە دەربڕی سەرجەم هیواو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکو هەروەك سەرکردایەتی

سیاسـی كوردسـتان جـەختی لێدەكاتـەوە كـە TAL دەربـڕی كـەمترین ویستو داخوازییەكانی خەڵكی كوردستانە، بۆیە پێویسـتە لـەم قۆناغـەی ئێسـتای نووسـینەوەی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـدا ئـەو راسـتییە لەهــەموو لایەنــە سیاســیو ئایینیــەكانی عێــراق، بەتایبــەتی لیســتی هاوپەیمانایی شیعە بگەیەنرێت كەوا TAL دەربڕی كەمترین داخوازییـەكانی خـەڵكی كوردسـتانەو دەبـێ چـەمكە سـەرەكیەكانی ئـەم یاسـایە بكرێتـە هێڵكاری سەرەكی دەستووری ئایندە لەگـەڵ زیـاد كردنـی مافـەڕەواكانی دیكـەی خـەڵكی كوردسـتان لـەدیاریكردنی چارەنووسـی خـۆی لـەرێگای ریفراندۆمێكی سەرتاسـەریو لـەوكاتو سـاتەی خـۆی بڕیـاری لەسـەردەدا، جیا لەدیاریكردنی سـنووری هـەرێمی كوردسـتانو دیـاریكردنی رێژەیـەكی بەرچاو لەداهاتی نەوت ، بەتایبەتی لەو شوێنە كوردستانیانەی سـامانەكەی بەكاردێت، جیا لەجەختكردنەوە لەسەر بنەمای تـەوافوق لەپەسـەندكردنی هەر بڕیارێك.

ئەگەر لایەنە سیاسـییەكانی عـەرەب، بەتایبـەتی لیسـتی هاوپـەیمانانی شیعە لەهەندێك بۆنەدا ئاماژە بەوە دەكـەن یـان هـەوڵی ئـەوە دەدەن كـە TAL نەبێتــە بناغـە بـۆ دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق، ئـەوا دەبـێ لـەو راسـتییە تێبگـەن كـە ئـەوكاتو ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت ئـەوا خـەڵكی كوردستانو لیسـتی هاوپـەیمانیی كوردسـتان نابێـت لەمـەودوا بەكـەمترین مافەكانی رازی بێت، هەروەك چۆن لە TAL ی پەسەندكرد، چونكە خەڵكی

کوردستان مافی رەوای خۆیەتی کە سەرجەم داخوازییەکانی لەدەستووری ئایندە جێگیربکرێت، چونکە کاتی زۆرداریو زۆرەملێ بەسەر چووەو ئەگەر ئەم مافانەی جێگیر نەبێت، ئەوا بەبێ گومان لەوگرێبەستە (یەکێتییە رەزامەندییەی) کەناونراوە فیدراڵی پەشیمان دەبێتەوەو بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی دەدات.

* **رۆژنامەی خەبات**، (١٨٣٣)، **پێنج شەم**، ٢٠٠٥/٦/٢٣

# کوردستان و داڕشتنی هەمیشەیی عێراق

ئیمڕۆ خەڵکی عێراق بەگشتیو خەڵکی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەبەردەم پرۆسەیەکی مێژوویی چارەنووسسازدان کەئەمیش خۆی لەداڕێژتنی دەستووری هەمیشەیی ئەم وڵاتەدا دەنوێنێ، ئەگەر عێراق لەماوەی دروستبوونی، نزیکەی(٩) دەستووری بەخۆیەوە بینی بێ، کرنگترینیان دەستووری ساڵی ١٩٥٨ بووە کەبۆ یەکەمجار دان بەنەتەوەی کورد وەکو نەتەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ عەرەب دانراوە، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕوانینە سەرجەم دەستوورەکانی عێراق (کاتی) بوونو هەمیشە رووبەڕووی پێشێلکردنو پەراوێزی هاتوون، کەچی عێراقییەکان وا ئێستا خەریکی داڕێژتنی دەستوورێکی هەمیشەییو باڵادەستن کەمافو ئازادییەکان بپارێزێتو مافی هاووڵاتیبوون فەرهام بکات، گەلی کورد لەکوردستانی عێراق هەمیشە قوربانی ئەم دەستوورەو یاسایانە بووە کە تاکلایەنە لەلایەن رژێمەکانی ئەم ولاتە دادەرێژران، بۆیە ئیمڕۆ ئەم پرۆسەیە بەر لەهەرکەسێکی دیکە بۆ خەڵکی کوردستان زۆر گرنگە هەرئەم راستیەش وای کردووە کە شێوازی داڕێژتنی دەستوورەکەو چۆنیەتی داڕێژتنیو پەسەندکردنی ببنە تەوەری گفتوگۆکردنی سەرجەم خەڵکی کوردستان، لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژەی پێبدەینو بەر لەوەی تیشك بخەینە سەر ئەم بابەتە دەبێ باس لەرۆڵوگرنگی دەستوور بکەین، دواتر تیشك بخەینە سەرشێوازەکانی داڕێژتنی دەستوورو لەکۆتایی ئەم شێوازە دەستنیشان دەکەین کەئیمڕۆ بۆ عێراق پێویستە و وا خەریکە کۆمەڵەی نیشتمانی کاری لەسەر بکات.

### ١- پێگەی دەستوور:

مەبەستمان لە دەستوور ئەم دەستوورەیە کەنووسراوەو جێگیرکراوە، چونکە دەستووری (عرفی) یش لە هەندێك وڵات باوە، کەلەرێگای عورفەوە سەر هەڵدەدات، بۆیە کە دەڵێن دەستوور ئەوا ئەم یاسایە سەرەکییە دەگرێتەوە کە لە سەرەوەی هەموویاساو رێساکاندایە، کەتیایدا هەموو ماف وئازادییەکان جێگیردەکاو دەسەلاتی هەموو دامو دەزگاکانی (دادوەری، یاسادانان، جێبەجێکردن) لە یەکتر جیا دەکاتەوەو مافەکانی هاووڵاتیبوون مسۆگەر دەکات، بەو مانایەی کە دەستوورمافوئەرکەکانی هەموو لایەك لەیەکتر جیا دەکاتەوەو دیار دەکاتو دەبێتە هێلکاری سەرەکی وڵات، کەدەبێ هەمووداموdەزگاکان بە گوێرەی دەقەکانی بەرنامە دابڕێژنو پیادەی بکەنو بە نەمانی دەستوورو پەسەند نەکردنی ئەوا سەرجەم دەسەلاتەکان تێکەڵ دەبنو مافەکان پێشێل دەکرێن، هەروەکو چۆن لەعێراق لەماوەی رابردوودا روویدا، هەر بۆیە بەدارێژتنی دەستوورێکی هەمیشەیی لەهەر وڵاتێکدا جۆرە دڵنەوایيو سەقامگیرییەك بەرقەرار دەبێت، کە هەمووخەڵکی ئەم وڵاتە هەست بەبونیان بکەن، ئەمەش رێگا خۆشکەر دەبێت بۆ زیاتر خزمەتکردنی وڵاتو ئاوەدانکردنەوەیو لەم رووەشدا دەبێ دەقەکانی هەر دەستوورێك کەدادەرێژرێت زۆر بەرونی دابڕێژرێن، کە نەتوانرێ زیاتر لەتەفسیرێکی بۆ بکرێت یان وشەی نادیار (غامض)ی تیادا بەکاربهێنرێت جیا لەمەش

پێویستە لە ناو دەستوورەکەدا ئاماژە بەبوونی دەسەلاتێکی چاودێریکردن هەبێ، کەئەرکی سەرپەرشتی کردنو چاودێریکردنی ئەم یاسایانە بێت کەلەولاتا دەردەچن تا هەڵسەنگێندرێت کەتاچەند هاوکۆکە لەگەڵ بنەماکانی دەستوردا.

## ٢- چاودێری کردنی دەستوریەتی یاساکان:

یەکێك لەو کێشە سەرەکیانەی کە گەلانی عێراق بەدێژایی بوونی دەستووری کاتی بەدەستیەوە نالاندوویەتی خۆی لە نەبوونی ئالیەتێکی گونجاو دەبینێتەوە، بۆ چاودێری کردنی دەستووریەتی یاساکان، دەستوورەکانی عێراق جیا لە دەستووری ساڵی ١٩٢٥و ساڵی ١٩٦٨، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ئاماژەیان بەبوونی رێگایەك نەداوە بۆ بەرز راگرتنی پێگەی دەستوور، بەشێوەیەك بتوانرێت کەهەر یاسایەك پەسەند دەکرێتو جێبەجێ بکرێت پێویستە لایەنو جێگایەك هەبێت، چاودێری رەواییو دەستووریەتی ئەم یاسایە بکات، ئەوەتانێ هەندێك ولات ئەم ئەرکەیان بەچەند کەسانێکی سیاسی لەشێوەی لیژنەیەك بەخشیوە، تابەم بەرپرسیارییەتە هەستن هەروەکو لەفەرەنسا پیادە دەکرێت، کەبەهۆیەوە ئەم لیژنەیە لێکدانەوەی دەستووریەتی ئەم یاسانە بکەن کەچی لەهەندێك ولاتی دیکە،ئەم ئەرکە بەدەسەلاتی دادوەریو بە تایبەتی بەدادگایەك دراوەکەناو دەبرێ دادگای دەستووری، بە داخەوە لەعێراق بەهیچ شێوەیەك بوونی نەبووەو تەنها لەو سالانە نەبێت کەسەردەمی پاشایەتی

بووە، بۆیە جەخت کردن لەدامەزراندنی لیژنەیەك یان دادگایەك لەنێو دەستووری هەمیشەیدا بەکارێکی گرنگ دادەنرێت، تاوەکو لەداهاتوودا سەرجەم خەڵکی عێراق بەگشتی وخەڵکی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەمە دڵنیابن کەنابێ وناکرێ یاسای جۆر بەجۆر دەربچن‌و پیادە بکرێن بەبێ گوێدانە بنەما دەستوورییەکان، چونکە هەروەك ئاشکرایە کەبنەما دەستوورییەکانی سەردەمی سەدامیش هەندێك بنەمای ئەوتۆی تیادا بوون کەدانی بە مافو ئازادییەکانی دەدا کەچی زۆربەی ئەم یاسایانە لەلایەن بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) دەردەچوون پێچەوانەی بنەما دەستوورییەکان بوون کەچی بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەبێ دەستووری‌و نایاسایی ئەم بڕیارانە نەدەکرا، بۆیە ئەگەر دەستووری هەمیشەیی پەسەندیش کراو تیایدا دان بە هەموو یان زۆربەی مافەکانی کورد نرا، ئەوا کۆتایی نییە، بەڵکو دەبێ ئالیەتی چاودێریکردن‌و جێبەجێ کردنی ئەم بنەمایانە دیاری بکرێ، کەچی بەلیژنە یان بە پێکهێنانی دادگا دەبێت، بۆیە ئەرکی سەرکردایەتی کوردە کە ڕۆڵی خۆی ببینێ لەپێکهێنانی ئەم لیژنەیە یان دادگای دەستووریی بەجۆرێك بتوانێ ژمارەیەکی بەرچاوی کەسایەتی دادوەری یان سیاسی کورد لەو جێگایەدا جێگیر بکات تالە مەودوادا دەنگی هەبێ لەرەوای‌و دەستووریەتی هەر یاسایەك کەدەردەچێت وکارەساتی رابردووی بەسەر دووبارە نەبێتەوەو بەپەسەند کردنی پێویستی دامەزراندنی دادگایەکی دەستووری یان لیژنەی

تایبەتمەندی بەچاودێری کردنی دەستوورییەتی ئەو یاسایانەی هەبێ دەردەچن کەتا چەند لەگەڵ بنەماکانی دەستووردا دەگونجێن، ئەوائەم راستیە بەرجەستە دەبێت کەدەستوور( یاسای سەرەکی یان دایکی یاساکانە لە ولاتدا)، هەربۆیەش دەبێ هەموو یاساکانی دیکە گونجاو بن لەگەڵ یاسا سەرەکیەکەو لەم کاتەشدا دەستوور لەوپێگەیەی دەبێت کەهەموو لایەك رێزی لێبگرن‌و بەپێی بنەماکانی کار بکەن، بەبێگومان ئاکامەکەشی بەبەرجەستەکردنی ماف‌و ئازادییەکان کۆتا دێت.

## ٣- بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵات:

یەکێك لەو مەینەتیە کاریگەرانەی کەخەڵکی عێراق بە دەستیەوە نالاندویەتی لەم راستیە بەرجەستە دەبێت کەتا ئێستاش پەیرەوی بنەمای جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکانی (دادوەری، یاسادانان،جێبەجی کردن) نەکراوە بەوەی هەمیشە دەسەڵاتەکان لەدەستی کەسێك کۆکراونەتەوە یان بەکەسانێك گرێدراون کەئەمیش سەرکۆمارەو ئەمەش وای کردووە دەسەڵاتەکان لەیەك کەس کۆببنەوە تا وای کردووە دیکتاتۆریەت سەرهەڵبدات، ئەگەر عێراقییەکان لەیاسای ئیدارەی دەوڵەت تارادەیەکی بەرچاو ئەم بنەمایانەیان لەیەکتر جیاکردەوەو هەریەك لەم دەسەڵاتانەیان بەچەند کەسانێکی جیاواز لەتێڕوانین سپارد،بەڵام هەرسێ دەسەڵاتە کەوەکو پێویستە بەئەرکیان هەڵنەستان بەتایبەتی دەسەلاتی دادوەری کەنەیتوانی دادگایەکی فیدرالی

تایبەت بەدەستووریەتی یاساکان پێك بهێنێت،بۆیە ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە کەلە دەستووری هەمیشەییدا کاربکات بۆ جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەو دیاری کردنی سنووری هەریەك لەم دەسەڵاتانەو جێگیر کردنی دەقێك لەیاساکەدا کە دەبێ یەکێك لەم پۆستەکانی ئەم سێ دەسەلاتە بۆ کوردبێت تا ئەمیش هەست بەهاووڵاتی بوونی بکات ودڵنیابێت کەلە داهاتوودا بەشدارە لەدروستکردنەوەی عێراقی دیموکراسیدا.

## ٤- دیموکراسیەت و فیدراڵیەت و مافی چارەنووس:

بەدرێژایی دروستبوونی عێراق بەهیچ شێوەیەك رژێمی دیموکراسی تیادا فەراهام نەبووە چونکە زۆربەی ئەم رژێمانەی فەرمانڕەوایەتیان لەعێراقدا مسۆگەر کردووە کەوا لە رێگای هەڵبژاردن و دەنگی خەڵکی نەبووە بەڵکو هەمیشە پشتیان بە کرداری هەڵگەڕانەوە (انقلاب) و بەناوشۆڕش وچەك بەستووە،بۆیە هەردەم زمانی چەك پیادە کراوە بەتایبەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان کەنەوەکو دان بەمافەکانی نەهێنراوە لەئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیەت بەڵکو مافی ژیانیشی لێسەندراوەو بەدەیان هەزاری ئەنفال و بێ سەرو شوێن کران، ئەم نەبوونەی دیموکراسیەتەو بڕوا نەهێنان بەدەنگی بەرانبەر هەموو عێراقی بەرەو هەڵدێران برد، وئەگەر ئیمڕۆ لەدەستووری کاتیدا هاتووە کەرژێمی فەرمانڕەوایی لەعێراق دیموکراسی و فیدراڵە کەچی وادەبینین چەندین لەوانەی تادوێنێ لەمیوانداری خەڵکی کوردستان و

سەرکردایەتیە سیاسیەکەی بوون وا ئیمڕۆ هەنگاو دەهاوێژن بۆدژایەتی کردنی دەنگی ڕەوای خەڵکی کوردستان کەداوای فیدراڵیەت بۆ قۆناغی ئێستای دەکات، کەئەمەش هیمایەکی مەترسیدارە بۆ سەر دیموکراسیەتو ئازادی ڕادەبڕین، بۆیە وەکو دڵنیاییەك ئەرکە لەسەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانو لیستی کوردی لەکۆمەڵەی نیشتمانی کەوا کاربکات بۆ جێگیرکردنی بنەمای دیموکراسیەت لەدەستووری هەمیشەیی و جەخت کردن و جێگیرکردنی (بنەمای فیدراڵیەت بەشێوازە فراوانەکەی) لەگەڵ ئاماژە دان بەرەوای مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان لەهەر قۆناغێك کەسێ بەشی خەڵکەکەی داوای بکەن، جێگیر کردنی بنەمای مافی چارنووس بۆ خەڵکی کوردستان لەگەڵ هەریەك لەبنەماکانی دیموکراسیەتو فیدراڵیەت جیا لەوەی پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ پتەوکردنی ئەم دوو بنەمایە لەهەمان کاتدا وەڵامێکی بەهێزە بۆ ئەوانەی هەوڵی لەناوبردنی مافەکانی کورد دەدەنو لەهەمان کاتدا دەربڕی ویستەکانی کوردنیشیان دەدا بەوەی ئازاد دەبێت کەلەچ کاتو شوێنێك خۆی مەبەستیەتی ئەوا بڕیار لەچارەنووسی بدات. بەبڕوای من ئەگەر لەگەڵ هەریەك لە بنەمای دیموکراسیەتو فیدراڵیەت ئاماژە بەمافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان نەدرێ ئەوا چەمکی فیدراڵیەت دەبێتە جێگای لێکدانەوەو تەفسیری جیاجیا چ فیدراڵیەتی پارێزگاکان یان فیدراڵیەتی سنوودار یان ئۆتۆنۆمیەکی فراوان کەئەمەش زیاتر لە رەهەندێك

هەڵدەگرێت بۆیە وا پێویستە لەگەڵ جێگیر کردنی بنـەماکانی دیموکراسـیو فیدراڵی لەدەستووریی داهاتوودا ئاماژە بەمافی ڕەوای خـەڵکی کوردسـتان بکرێت لەدیاری کردنی مافی چارەنووسی لەسەربەخۆییدا.

## ٥- دیـاریکردنی سـنووری هــەرێمی کوردســتان بەکــەرکووکو موووسڵەوە:

بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازی خــەڵکی کوردســتان هەرلەشۆڕشــەکانی بـارزانو تـا شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلولو تائێستاشـی لەگەڵدا بێـت هـەردەم لەرووبەڕووبوونەوەی ڕژێمە سیاسی وسـەربازییەکانی عێـراق بـوو بـە هـۆی داننەنان بەمافەکانی خەڵکی کوردستان بـە تایبـەتی مـافی ڕەوای لـەدیاری کردنـی سـنووری هــەرێمی کوردســتان بــەجۆرێك کەهــەموو ڕژێمــەکانی فەرمانڕەوا بەهەموو تێڕوانینیە جیاجیاکانیـان هـەردەم کاریـان کـردووە بـۆ پاشخستنی ئەم پرۆسەیە کەئەم ڕاستیەش زۆر بەڕوونی لەسەردەمی بـەناو دیموکراســـیەتو دوای ڕوخــــانی دیکتاتۆریــــەت لــــەنێو کەســــانی (دیموکراســخوازی)و عــەرەبی نێــو ئەنجومــەنی فــەرمانڕەواو دووپــاتی لێکرایەوەو دواتریش پەسەند کرا لەنێو دەستووری کاتیی ئیدارەی دەوڵەت کە دەبوایـە سـەرکردایەتی سیاسـیی کـوردی نێـو ئەنجومـەن بـەم جـۆرە چارەســـەرە هەڵپەســێردراوە ڕازی نــەبێت، بۆیــە ئەگــەر ســەردەمی ئەنجومەنیفەرمانڕەواو دەستووری کاتی بـۆ بـارودۆخێکی لـەناکاو بوبێـت

ئـەوا دەسـتووری ئایـنـدە هەمیشـەیی دەبێـتو بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێـژ دەبێت بۆیە دەبێ سـنووری هـەرێمی کوردسـتان لـەم دەسـتووردا جـێگیر بکرێت کەنەك تەنها ئاماژە بەکوردستانیەتی کەرکوك بدرێت بەڵکو بـەپێی دەقێك روون بکرێتەوە کەکـەرکوك و مووسـڵو شـەنگارو خانـەقین شـاری کوردسـتانین، جێگـای ئاماژەیـە کەلەسـەردەمی دوای راپـەڕینی بـەهاری ١٩٩١دا تـەنها ئامـاژە بەکوردسـتانیەتی کـەرکوك دەدرێـت بـەبێ ئـەوەی ئاماژە بەکوردستانیەتی مووسل بدرێت لەکاتێکدا کەبارزانیی نەمرلەسـاڵانی شەسـتەوە داوای گەڕانـەوەی مووسڵیشـی کـردووە بـۆ سـەرهەرێمی کوردسـتان، بۆیـە دەبـێ لیسـتی هاوپـەیمانانی کوردسـتان لەکۆمەڵـەی نیشتمانی کار بکات لەپێناو ئەوەی جیا لـەجێگیرکردنی سـنووری هـەرێمی کوردسـتان بـەوەی دان بەکوردسـتانیەتی کـەرکووكو ناوچـە تەعریبکراوەکانی دیکە بنرێت ئەوا لەهەمان کاتدا سـوربێت لەگەڕاندنـەوەی پارێزگای مووسڵ بۆ سەر هەرێمی کوردسـتان چـونکە واقیعـی جـوگرافی و مێژوویی ئەم راستیە دەسەلمێنن کەمووسڵ بەشێکە لەهەرێمی کوردسـتان وجێگای سازش ومساوەمەکردن نییە.

خـەڵکی کوردسـتان بەدرێـژایی سـەردەمانی رابـردوودا چـەندین تاقیکردنەوەی تاڵی لەگەڵ رژێمە یەك لەدواییەکـەکانی عێراقـدا چەشـتووە کەهەریەکـەیان لـەژێر ناوێـك وبیروبۆچـوونێکدا هـەوڵیان داوە دان بەمافـە رەواکـانی خـەڵکی کوردسـتان نـەهێننو لـەم بوارەشـدا هـەموو

پێشێلکارییەکیان دەرهەق بەخەڵکی کوردستان ئەنجامدا، ئیمڕۆش کەکورد بەشدارە لەپرۆسەی دیموکراسی لە عێراقداو کاریگەرانە هەوڵی سەر لەنوێ دروستکردنەوەی ئەم وڵاتەدا دەدات ئەوا دەبێ ئەو راستیە بەرجەستە بکرێت کەهەموو ئەرکێك دەبێ هاوشان بێت لەگەڵ مافدا چونکە ئەرك (واجب) بە بێ ماف (حق) پێشێلکاری لێ دەکەوێتەوەو ئەگەر ئیمڕۆ عەرەبی عێراق هەوڵی گەڕانەوەی کوردو پاراستنی بەکپارچەیی خاکی عێراق دەدەن هەروەکو لەکۆنگرەو نوسینەکانیان ئاماژە پێدەدەن ئەوا دەبێ ئامادەش بن کەدان بەمافو ئازادییەکانی ئەو گەلە بهێنن کەبەرەزامەندی خۆی لەم قۆناغەدا ئەوەی هەڵبژارد کەلە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بمێنێتەوە چونکە مانەوە لەم وڵاتەدا دەبێ لەروانگەیەك بێت کەبڕوای تەواو بەمافو داخوازییەکانی ئەم گەلە بهێنرێتو ئەم تێڕوانینەش بکرێتە بەردی بناغەی هەرپڕۆژەیەکی داهاتووداو ئەم جۆرە تێڕوانینەش تەنها بەلێدوانو قسەکردن بەرجەستە نابێت بەڵکو دەبێ ئەم هێزانە لەم راستیە بگەیەندرێت کەدارێژتنی دەستووری هەمیشەیی بەسەنگی مەحەکی هەڵوێستی ئەم لایەنانە دادەنرێت بەوەی دەبێ زۆر بەروونی جەخت لەسەر دیموکراسیەتو فیدراڵیەت بکەنو لەگەڵ ئاماژە کردن بە مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستانو دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان بەکەرکوكو مووسڵ و سەرجەم شارو شارۆچکەکانی دیکە بگرێتەوەو لەهەمان کاتدا بڕوا

بــەمافی هــاووڵاتیبوون بــۆ ســەرجەم گــەلانی دیکــەو دانیشــتوانی عێــراق بهێنرێتو بەبێ بڕواهێنانو جێگیرنەکردنی ئـەم بنەمایانـە لـە دەسـتووریی عێراقــی داهــاتوودا ئــەوا دەبــێ لەئێســتاوە خۆمــان ئامــادە بکــەین بــۆ بەرەنگاربوونەوەی رژێمی نوێ کەلەوانەیە ئەمجارە بە بەرگێکی جیاواز( چ دیموکراســی یــان ئیســلامی) بێــت خــۆی دەربخــات وبەمــەش هــەموو داخوازییەکانی کورد تووشی مەترسی دەبنەوە.

***رۆژنامــەی خــەبات ژمارەکــانی ( ١٧٦٦، ١٧٦٧، ١٧٦٨ ) دووشــەممەو ســێ شــەممە و چــوار شەممە( ١٧و١٨و٢٠٠٥/٤/١٩.**

# دەستوری هەمیشەیی وئەنجومەنی هەرێمەکان

لەتایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەرجەستەبوونی دووئەنجومەنی سەرەکییە بۆ دارشتنی یاساکانو پەسەندکردنیان کەئەمەش ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی نیشتمانییە لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمەکانە بەوەی بەر لەوەی هەریاسایەك دەربچێتو پەسەند بکرێت،پێویستە ئەم یاسایە لەلایەن هەردوو ئەنجومەنەکە تاوتۆبکرێتو دواتر لەچوار چێوەی دەوڵەتە فیدراڵییەکەدا جێبەجێ بکرێت، بۆیە لەگەڵ نەبوونی ئەم دوو ئەنجومەنە یان نەبوونی یەکێکیان بەتایبەتی ئەنجومەنی هەرێمەکان ئەواشێوازی ئەم فیدراڵییە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەو واتایەی لەگەڵ نەبوونی هەرێمەکان ئەواشێوازو دەسەلاتی فیدراڵییەت دەکەوێتە ژێر لێکدانەوەی جیاجیا بەوەی هەندێك بەفیدراڵی کارگێری یان فیدراڵی پارێزگاکانی لێك بدەنەوە.

کاتێك یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە پەسەندکراو بووە دەستووری کاتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، چەندین لایەنی پۆزەتیفو نێگەتیڤی تیادابوو، ئەوەتانێ لەلایەك لەمادەی چوارەم زۆر بەڕوونی رایدەگەیەنێ کەسیستەمی فەرمانڕەوایی لەعێراق کۆماری، فیدراڵی،دیموکراسی، فرەلایەنە کەچی لەلایەکی دیکە کاتێك تیشك دەخاتەسەر دەسەڵاتی یاسادانان لەدەروازەی چوارەم بەتایبەت

لەمادەی (٣٠) تامادەی (٣٤) بەجۆرێك باس لەدەسەلآتی یاسادانان کراوە هەروەکو ئەوەی وابێت کەعێراق ولآتێکی ناوەندە کەهەرسێ دەسەلآتی یاسادانانو دادوەریوبەڕێوەبردنی هەبێت کەهەر ئەم جۆرە تێڕوانینەش خودی جۆری فیدراڵییە دانپێدانراوەکەی خستەبەردەم پرسیارەوە، ئاخۆ شێوازی ئەم فیدراڵییەتە چۆنە؟ جوگرافی نەتەوەییە یاخود جوگرافی مێژووییە یان کارگێڕی وپارێزگاکانەو بەگەڕانەوە بۆ مادەی ٤ی ئامازەپێکراو لەیاسای کاتی زۆر بەڕوونیو ئاشکرا کە فیدراڵییەتی ویستراو ئەو فیدراڵییەتەیە کەلەسەر راستییە جوگرافیو مێژووییەکان رەنگ دەداتەوە.

بەگوێرەی راستییە جوگرافیو مێژووییەکان ئەوا هەرێمی کوردستان کەویلایەتی کۆنی مووسڵە لەیەکەیەکی پێکەوە گرێدارو پێکهاتووەو لەزاخۆوە درێژە دەبێتەوە تادەگاتە خانەقین و هەموو شوێنەکانی شەنگارو زمارو کەرکوكو ناوچە تەعریبکراوەکان دەگرێتەوە، بۆیە لەروانگەی ئەم راستییە مێژوویيو جوگرافیانەو بەپشت بەستن بەمادەی ٤ لەیاسای کاتی دەبێ ئەم ولایەتە خاوەن دووئەنجومەنی یاسادانان بێت و دەبێ پرەنسیپی تەوافوق لە هەردوو ئەنجومەنەکە یان بە لایەنی کەم لەئەنجومەنی هەرێمەکان پیادەبکرێت تاکو نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لەئەنجومەنی هەرێمەکان بتوانن داکۆکی لەداخوازی و داواکارییەکانی خەڵکی هەرێم بکەن.

ئاماژە نەکردنی دەستووری کاتی بەئەنجومەنی هەرێمەکان ئەم مشتومڕو لێکدانەوانەی لێکەتەوە کەهەندێك لایەن دەیانویست دەسەڵاتو چوارچێوەی فیدراڵی سنووردار بکەنو بیکەن بەفیدراڵی پارێزگاکان، بۆیە لیژنەی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی بەتایبەتی نوێنەرانی هاوپەیمانیی کوردستان لەم لیژنەیەدا دەبێ زۆر بەوردی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکەنو زۆر بەڕوونی ئاماژە بەئەنجومەنی هەرێمەکانو ژمارەی نوێنەرانی هەرهەرێمێك دیاری بکرێتو دەسەڵاتەکانی بەجۆرێك دابڕێژرێت کەبەهیچ شێوەیەك لەدەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران یان نیشتمانی کەمتر نەبێت و شێوازی دەنگدانیش بەجۆرێك تیایدا رێکبخرێت کە نەتوانرێت هیچ یاسایەك بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، تا رەزامەندی زۆربەی زۆری (الغالبیة المطلقة) ئەندامانی لەسەر نەبێت.

بەرجەستە کردنی ئەنجومەنی هەرێمەکان لەدەستووری هەمیشەیی جیا لەوەی جێبەجێکردنی راستو دروستی فیدراڵییەتەلەهەمانکاتیشدا هۆکارێکە بۆ زیاتر بەهێزکردنی لەعێراقی ئایندەدا بەتایبەت ئەگەر عێراق وەکو شێوازی ئێستای بمێنێتەوە کەدوو هەرێم بێت، کەئەمیش هەرێمی کوردستانو هەرێمی عەرەبی عێراقو ئەم کاتیش خەڵکی کوردستان لە دیکتاتۆرییەتی زۆرینەوگەمەی دیموکراسی زۆرینەو کەمینە رزگار دەبێت، کەئیمرۆ ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان تارادەیەکی زۆر هەراسان کردوون بەهۆی ئەودەنگە زۆرەی کە بەرەنگاری دەبنەوە، بۆیە

لەگەڵ پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە ئەوا ئەم پاڵەپەستۆیە رەهایە لە ئەنجومەنی نیشتمانی یان کۆمەڵەی نیشتمانی هەیە دەکرێ کەم بکرێتەوە بەوی سیستەمی دەنگدانە لەئەنجومەنی هەرێمەکان پیادەبکرێت کەجۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان دەنگی زۆرینەو کەمینە مسۆگەر بکاتو بەهۆیەوە هەموو لایەك هەست بکەن کە لەداهاتوودا مافەکانیان پارێزراوەو ناتوانرێ بەهیچ شێوەیەك لایەنێك پێشێلی مافو ئازادیو داخوازییەکانی لایەکەی دیکە بکات.

* **رۆژنامەی خەبات**، (١٨٤٣)، **یەکشەم**، ٢٠٠٥/٧/٣

# پێگەی کورد لەدادگای باڵای فیدراڵی و دەسەڵاتی دادوەری عێراقدا

عێراقی سەردەمی سەدام بەوە ناسرابوو کەوڵاتێکی نادیموکراتو سەرتاسەری (شمولی) بوو، سەرجەم دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردنی، دادوەری) لە ژێر دەسەڵاتی یەك کەسدا کۆدەکرایەوە کەخۆی یاسای دادەرێژتو جێبەجێی دەکردو چاودێری یاسایشی دەکردو تا ئاکامەکەی بەدەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کۆتا هاتو وڵاتیشی بەرەو هەلدێرو کاولکاری برد، بۆیە هەر لەگەڵ دارمانی ئەم رژێمە سەرانسەریەدا بیر لە دامەزراندنی سیستەمێکی شارستانیانەکرایەوە کە جێگەی ئەم رژێمە بگرێتەوە،بەمەش هەنگاونرا بەرەو دامەرزاندنی رژێمێکی دیموکراسیو فیدراڵیدا، لە خاسیەتە دیارەکانی سیستەمی دیموکراسیش پەیرەو کردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە کە هەریەك لەدەسەڵاتی دادوەریو یاسادانانو جێبەجێکردنە.

خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٣١ زۆربوێرانەو لەروانگەی داکۆکیکردن لەئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان زۆر ئازایانە بەشدارییان کرد لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریو توانیان ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانیان هەڵبژێرن تا بەشداربن لەپەرلەمانی عێراقی بەجۆرێك کەببنە هێزێکی کارگەر لەنێو پەرلەماندا، بەمەش تارادەیەك خەڵکی کوردستان

توانیان پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتی یاسادانان بەجۆرێك بەهێز بکەن کە نەتوانرێت بەبێ گوێدانە دەنگی نوێنەرەکانیان هیچ بریارێك دەربچێت کە ئەمەش ئاکامی ئەرێیانەی هەبوو لە دارشتنی سیستمی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و هەیئەی سەرۆکیایەتی بەجۆرێك دەبینرێت کەژمارەیەکی بەرچاو لەنوێنەرانی کوردو خەڵکی کوردستان چەندین پۆستی جێبەجێکردنیان وەرگرتووەو ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ناو حکومەتن. ئەوەی پێویستە لێرەوە ئامازەی پێبکەین ( کە ناوەرۆکی بابەتەکەمانە) دەبینرێ زۆر کەس و لایەن کە باس لەپێگەی کوردو خەڵکی کوردستان دەکرێت تەنها ئامازە بەم دوو دەسەلاتە (یاسادانان، جێبەجێکردن) دەدرێت، بەبێ ئەوەی ئامازەیەکیش بەرۆڵی کوردو خەڵکی کوردستان بدرێت لە دەسەڵاتی سێهەم کەدادوەرییە کەبەبروای من رۆڵو بایەخەکەی لەهەردوو دەسەڵاتەکەی دیکەی ئەگەر زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نابێت، چونکە هەر ئەم دەسەڵاتەیە کەدەبێتە پەناگەو یەکلاکەرەوەی هەرکێشەیەك کەلەکاتی دارشتنی دەستوورو پەسەندکردنی سەر هەڵدەدات، بۆیە هەرکەمتەرخەمیەك لەم بوارەدا ئاکامەکەی بەنەرێیانە بۆ داخوازییە رەواکانی خەڵکی کوردستانو ئامانجەکانی دەشکێتەوە بەهۆی ئەوەی هەر ئەم دەسەلاتە دەبێتە شوێنی یەکلاکرەوەی هەرکێشەیەك کەلەنێوان پەرلەمانی عێراق وپەرلەمانی کوردستان روودەدات سەبارەت بەهەر بریارێك وهەر ئەم دەسەلاتەو دادگا فیدراڵیەتەکەی دەبێتە شوێنی

یەکلاکردنــەوەی هــەر ناکۆکیــەك کەلــەنێوان دەســەڵاتی جێبــەجێکردنی هەرێمی کوردستانو عێراقدا روودەدات، بۆیە ئەگەر پێگەی کـوردو خـەڵکی کوردستان لەم دەسەڵاتەدا بەهێز نەکرێت ئەوا زۆر ئاساییە بـەوەی کەئـەو دەسکەوتانەی لەهەردوو دەسەلاتەکەی دیکە بەدەست هـاتوون ئـەوا لـەم دەســەلاتەدا شــوێن پێــی لــەق بکرێــتو کــەم بکرێتــەوە کــە ئەمــەش مەترسییەکەی خەتەرناکەو پێویستی بەهەڵوێست وەرگرتن هەیە.

بەگەڕانەوەی بۆ یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێـراقو لـەمادەی (٤٣) کەدەکەوێتــە دەروازەی شەشــەمی تایبــەت بەدەســەڵاتی دادوەری تیشك خراوەتـە سـەر ئـەم دەسـەلاتەو ولـە مـادەی (١٤٤) دا زۆر بـەروونی باس لەئیشو کارەکانی ئەم دادگایە کراوە کەدەبێ دابمـەزرێو نـاونراوە دادگـای بـاڵای فیـدراڵی کەئــەرکی یــەکلا کردنــەوەی کێشــەکانە لــەنێوان حکومەتی ئینتقالیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شـارەوانییەکانە، هــەروەك لەبڕگــەی(ب)ی هــەمان مــاددە هــاتووەو جــەخت کــراوە کەدەســەڵاتەکانی ئــەم دادگایــە بــەپێی یاســایەك دیـاری دەکرێـتو ئـەم دادگایەکەش لە٩ ئەندام پێك دێتو دەتوانێت هەر یاسایەك یـان ڕێنماییــەك یــان ڕێکارێــك هەڵبوشــێنێتەوە ئەگــەر بڕیاریــدا کەلەگــەڵ ئــەم یاســایەدا ناگونجێت یان پێچـەوانیەتی، بەمـەش ئـەم دادگایـە دەتوانـێ هـەربڕیارێك کەلــە حکومەتــەکانی هەرێمــەکان یــان پارێزگاکــان دەربچــێت هــەڵیان بوشـێنێتەوە ئەگـەر وای تێڕوانـی کـە بڕیارەکـە پێچـەوانەی ئـەم یاسـایە

(یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت)و هەر چەندە ئەم دادگایە تا ئێستا یاسایەکی بۆکارەکانی دەرنەکردووە، بەڵام ئەندامەکانی سوێندی یاساییان خوارد لەبەردەم سەرکۆمار کەنوێنەرانی کورد تەنها (٢) ئەندام بوون، ئەم ڕێژەیەش بەبڕوای من کەمەو شایستەی نییە بەو ڕۆڵەی کوردو خەڵکی کوردستان نواندوویانە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق،بۆیە ئەرکە لەسەر دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستانو دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمو ئەندامانی لیستی هاوپەیمانانی کوردستان کەداوابکرێت چاوپێداخشاندنەوەیەك بەم ژمارەیەدا بکرێت یان بەپرۆسەی پەسەندکردنی بڕیارەکان کە بەوەی دەبێ بڕیارەکان بەکۆی (٨) ئەندام یان بە(اجماع) دەربچێت تا کوردو خەڵکی کوردستانیش دڵنیابن لەوەی کەئەو ئامانجەی تائێستا بەدەست هاتوون ناتوانرێت بەئاسایيو یاسایی سنوردار بکرێتو بەپێی ئەم پێکهاتەی ئێستا پێگەی کوردو خەڵکی کوردستان لە نێوەندی دەسەڵاتی دادوەری عێراق لەئاست داخوازیو داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان نییەو پێویستە بەجدی پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت.

*ڕۆژنامەی خەبات، (١٨٠٤)، چوارشەم، ٢٠٠٥/٥/٢٥

## فیدراڵییەتی کوردستان و ئایندەی عێراق لە WTO دا

ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی WTO هاوشێوە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN بە دەرەنجامی سروشتی ئەو بارودۆخە دەژمێردرێن کە مرۆڤایەتی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی پیایدا تێپەڕیوبەهۆیەوە بارودۆخی سیاسیوئابووری جیهان نسکۆو گێروگرفتی ئەوتۆی بەخۆیەوە دیت کەرەوشی جیهانی بەرەو ئایندەیەکی نادیاری برد لەئاکامدا UN وەکو ڕێکخراوی جیهانی تایبەت بەپاراستنی ڕەوشی ئاشتی سەریهەڵدا، کەچی WTO یان بەگونجاوتر بڵێین ITO نەیتوانی بە ئامانجی خۆی بگاتو وەکوUN دابمەرزێت، ئەمیش بەهۆی بارودۆخ و بەرژەوەندی ئەوکاتی وڵاتانی سەرکەوتوو لە جەنگدا بۆیە ٢٣ وڵاتو بەمەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەئەنجامی ڕانەگەیاندنی ITO سەری هەڵدابوو کەوتنە گفتوگۆو لەئاکامدا ڕێککەوتننامەی GATT یان مۆرکرد لە ساڵی ١٩٤٧ ودواتر لەساڵی ١٩٤٨ کەوتە بواری پراکتیزەکردنی ، ڕێککەوتننامەکە هەرچەندە تەنهاو تەنهابە ڕێککەوتننامەیەکی رووت دەژمێردرا،بەلام دواتر لە ڕێگای سکرتاریەتەکەی لە جنێڤ توانی وەکو ڕێکخراوێك بەدیار بکەوێت بەتایبەتی پاش ئەوەی توانی بوارەکانی نێو ڕێککەوتننامەکە فراوان بکات بەوەی جیا لەرێساکانی تاریفەو کۆسپە هونەریەکانی بەردەم بازرگانی جیهانی ئەوا سەرجەم بابەتەکانی وەکو خزمەتگوزاریو سەرماگوزاریو مافەکانی پاراستنی خاوەندارییەتی فیکریو بوارەکانی دیکە بگرێتەخۆ ئیتر کاروچالاکییەکانی ڕێککەوتننامەکە بەجۆرێك تەشەنەی کرد کە دەرەنجام بە دامەزراندنی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی WTO کۆتاهات کەلەنیسانی ١٩٩٤ دامەزریندراو دواتریش لەساڵی ١٩٩٥ کەوتە بواری پراکتیزە کردنو

تائێستاش (٣) کۆنگرەی وزاری ئەنجامداوە رەوشی گۆڕانکاری ورەوتی رووداوەکانیش ئاماژە بەکاریگەری و بەرفراوانبوونی کاروچالاکییەکانی ئەم رێکخراوە دەدەن،بەتایبەتی ئەگەر ئەو راستییە بزانین کە ٩٥٪ بازرگانی جیهانی لەژێر کاریگەری ئەم رێکخراوە دایەو هەر ئەوەش وای لە وڵاتان کردووە کەبکەونە خۆ تاوەکو رێڕەوێك بۆ باری ئابووریان برەخسێنن کەتازووە ببنە ئەندام لەرێکخراوەکە تالە شەمەندەفەری گەشەکردنی ئابورویدا دوا نەکەون.

WTO لەرێگای ئەو ئامانجانەی کەلەپێناویدا دامەزراوەو لەدیباجەیدا ئاماژەی پێکراوەکەئامانجی (گەشەپێدانی ئاستی بژێوی ژیانو باشتر بەکارهێنانی دەرامەتەکانو زیادکردنی بەرهەمو گرەودانە بەرەوتی پەیوەندییەکانی بازرگانیو گواستنەوەی شتومەکە لە رێگا لابردنو کەمکردنەوەی رسوماتو کۆسپە جۆریو بابەتیەکانی بازرگانییە) ئەوا رێکخراوەکە توانیویەتی کۆنترۆڵی تەواوی بازرگانی جیهانی بکاتو بەهۆی بنەماکانی شەفافیەتو رەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتو ئازاد کردنی پولو بانكو کۆمپانیاکانی دڵنیاکردنەوە(تأمین)و گرەودانو بەسەرماگوزاریدا، تاڕدەیەکی بەفراوان توانی جۆرە ئارامیەك بۆ بازاڕی جیهانی دابین بکاتو رەوشێك فەراهەم بکاتو کە ولاتان بتوانن هەنگاو بەرەو بە ئەندامبوونی بهاوێژنو تائێستاش زۆر لەولاتان توانیویانە ئەم رەوشە بۆ خۆیان ئامادەبکەن وببنە ئەندام لەرێکخراوەکە..

عێراق لەسایەی حوکمی گۆڕبەگۆڕی بەعس والەژێر پەردەی سۆسالیستیو سەروەریەتی ولاتو باڵا دەستی حکومەتدا کەخۆی بەپاڵەوانی گۆڕەپان دادەناو رێزی بۆ هیچ بیروبۆچوونێك دانەدەنا و لەئاکامدا بارودۆخی عێراقی بەرەو رەوشێك برد کە چارەسەرکردنی بەڕاستی کات وساتێکی زۆری دەوێت، بۆیە ئەم رژێمە سەرباری ئەو

گۆڕانکارییانەی لەدەوروبەریدا روویان دەدات، بەهۆی مەنتیقە دیکتاتۆریو فکرە زۆردارییەکەی ئامادە نەبوو چاوێك بەم رەوشەو گۆڕانکارییانە بخشێنێت کە ئایا تاچەند سووبەخشنو رەوشی ولات بەرەو پێش دەباتو هەرئەم مەنتیقە کۆنەپەرستیەی وای لێکرد کەعێراق (٥٠) ساڵ بەرەو دواوە بباتو دواتریشو پاش کاولکردنی ولاتو لەناوبردنی ژێرخانە ئابوورییەکەیدا، بەزەلیلی خۆی بەدەستی هاوپەیمانان بدات.

ئەمڕۆ کەعێراق ئازادبووە بیری سەردەمو سەرلەنوی گەڕانەوە بۆ باوەشی نێودەوڵەتی لەئارادیە،گفتوگۆو لێکدانەوەی جیاجیا لەسەر ئامادەکارییەکانو پێداویستییەکانی چۆنیەتی گەڕانەوەی عێراق بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکرێت، بێگومان یەکێك لەو بابەتانەی گفتوگۆشی لەسەر دەکرێت ئەوەیە کە ئایا رەوشی ئێستای عێراق لەبارە تاوەکو عێراقیش وەکو ولاَتانی دیکەی جیهان ببێتە ئەندام لەرێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO ).

ئەوەی پەیوەندی هەیە بەرۆڵێ عێراق لەUN و ئەنجومەنی ئاسایشو رێکخراوەکانی لەرێکخراوەکانی تایبەت بەغەیری بازرگانی، ئەوا وەزارەتی دەرەوەی عێراق ولەرێگای بەرێز هوشیار زێباری توانیویەتی لەم ماوە کەمەی دەست بەکاربوونیدا تاڕادەیەکی باش پێگەی عێراق بگەڕێنێتەوە ئاستە نێودەوڵەتییەکەیو چاوەڕوانی کاروچالاکی فراوانتری لێ دەکرێت بەتایبەتی لەرۆژانی داهاتوو کەبالوێزی نوێی عێراق لەزۆربەی ولاتان دەستینشان دەکرێت، بۆیە عێراقو ئەنجومەنی فەرمانڕەوا لەم لایەنە هیچ ئاستەنگێکی ئەوتۆی لەبەردەمدانییە،بەلاَم ئەوەی کاریگەرەو ئێستا بەکلانەکراوەتەوە رەوشە بازرگانییەکەیەتی کەپێویستە پسپۆڕانی ئەم بوارەش بکەونەکارو تازووە نەخشیەکی پتەوو بەهێزیش بۆ ئەم بوارە

دابڕێـژن تـاوەکو زیـاد لەپێویسـت لەرەوشـی گەشەسـەندوی جیهانـدا دوا نەکەوینو لەم بوارەشدا پێویستە لەسەر ئەنجومەنی حوکم تـازووە هـەنگاو بهاوێژێت، هەرلەسەر پەسـەندکردنی چاکسـازی سیاسـی بـەوەی هـەنگاوی بنرێـت بـۆ گەڕانـەوەی سـەروەری بـۆ عێراقیـەکانو دەسـت بگرێـت بەهەڵبژاردن تاوەکو پەرلـەمانو حکومـەتێکی هەڵبـژێردراو فەراهـەم ببێـت کـەبڕوای بـە گواسـتنەوەی ئاشـتییانەی دەسـەڵاتو جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان هـەبێتو ئـیتر بـارودۆخ رەوتـی ئاسـایی وەربگرێـت تـاوەکو دەسـت بکرێـت بەچاکسـازییە ئابوورییـەکان هـەر لـەلابردنو نەهێشـتنی ئەویاسـاو بڕیارانـەی کـەبیری تـاکڕەوی داڕێـژتبوون بۆ تونـدو تـوڵکردنی پێگەکانی دەسـەڵاتە زۆردارییـەکانیو دواتـر بایـەخ بـدرێت بەهۆکارەکانی تەکنەلۆژی سەردەم و بە داموزدەگـا کارگێرییـەکان لـەرێگای بەسـەردەمی کردنیان لەرێگای شێوازی هونەری نوێ کەگونجاو بێت لەگەڵ شـێوازەکانی سەردەم جیا لەمەش بایەخو بەدامو دەزگا پەروەردەییو فێرکـردن بـدرێت هەر لەقوتابخانە سەرەتاییەکان تازانکۆو ناوەندەکانی لێتۆژینـەوە بـەوەی هەریەکەکـەیان بـەجۆرێك ئامـادەو نـوێ بکرێنـەوە کـەئامانجیان چارەسـەرکردنی کێشـە نیشـتمانیەکان بێـت (ئـابووری یـان سیاسـی یـان کۆمەڵایـەتی) کـە ئەمەشـیان دەرفەتێکـە بـۆ پشـت بەسـتن بـەتوانا خۆماڵییەکان کە ئاکامەکـەی بـەوە کۆتـا دێـت کـە ئـەم توانـا خۆماڵییانـە دەتوانن نەخشەیەکی کورتو مام ناوەندی ودرێـژ بـۆ بـارودۆخی بازرگـانی بەپێی تواناکـانی دابرێـژێت کەئەمـەش بـەبێ گومـان سـەرەتایەکی رونـاك دەبێتو بۆ ئاسۆیەکی گەشو رووناکتر.

بۆیە بارودۆخی بازرگانی عێراق لەکاتی ئێسـتادا بـەر لەهـەر هـەنگاوێك پێویسـتی بەسـەقامگیری سیاسـیو سـەرلەنوێ لەدامەزرانـدنی دامودەزگاکانی لەسەر سیستەمو پەیڕەوو پرۆگرامێکـی نـوێی سـەردەمیانە

تـاوەکو لەداهاتوویـەکی نزیکـداو پـاش کۆتـا هـاتن بـەم قۆناغـەدا ئـەوا هـەنگاوەکانی چـونە نێـو ڕێکخـراوی WTO ش ئامـادە بکرێـتو قۆناغـە بازرگانیەکـــەی ١٠٠٪ پەیوەســـتە بـــەقۆناغی ئێســـتای کـــەقۆناغی گواستنەوەی دەسـەلاتە کـە تیایـدا زەمینەیـەکی لـەبار ئامادەبکرێت بـۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ هەمووگەلو نەتەوەو ئەندامێك کەئازادانە دەنـگ بـۆ ئەو شێوازە بـدات لەفـەرمانڕەوای کەسودبەخشـەو بـەبڕوای تایبـەتی خـۆم کەوا قۆناغی ئێستای عێراقیش بەستراوەتەوە بـەبڕواهێنان بـەمافی ڕەوای گـەلی کوردسـتان بـەبڕواهێنان بـەمافی فیدراڵیـەتی جـوگرافی بـۆ خـەڵکی کوردسـتان ، چـونکە بەبڕوانـەهێنانو پەسـەند نـەکردنی ئـەم مافـە ئـەوا پەیوەندی نێوان گەلانی عێراق ئاراستەیەکی نوێی جیـاواز وەردەگرێـت کـە بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی گواستنەوەی دەسـەلات وسـەر لەنوی بنیاتنانەوەی عێراقیێکی هاوچەرخ.

فیدراڵیەتی جوگرافی هـەرێمی کوردسـتان بەکلیلـەو قۆنـاغی یەکـەمی چارەسـەرێکی ئاشـتیانەی کێشـەی فەرمانڕەوایـەتیو چاکسـازی سیاسـی لـەعێراقی ئاینـدەدا دەژمێردرێت،بۆیـە ئەگـەر عێراقیـەکان بەئەنجومـەنی حوکمیشەوە بیر لەئایندەی عێراق دەکەونەوە لەپەیوەندیـە بازرگانیـەکانی جیهانو WTOدا، پێویستەبەر لەهەر شتێك دان بەفیدراڵیەتی کوردسـتان بهێـنن تـاوەکو بتـوانن لـەقۆناغی یەکـەمی گواسـتنەوەی دەسـەلات سـەربکەونو بەسـەرکەوتنی ئـەم قۆناغـە ئـەوا هـەنگاوەکانی دیکـەش مەیسەرو ئاسان دەبن.

*ڕۆژنامەی خەبات، (١٣٥٨)، یەك شەم ،٢٠٠٤/٢/٨

## عێراقێکی تازەو ئایندەی ئاو لەکوردستان

ژیانی تەمەنی رابردووی دەوڵەتی عێراق تائیمڕۆش لەگەڵیدا بێت هەمیشە لەباری نائاسایی و جەنگ و رووبەرووبوونەوە دابوو، ئیتر هەر زەمەنێك لەژێر پەردەی بیانویەكو پاساوێك و بەهۆیەوە باجێكی قورسی دا كە ژێرخانە ئابووریەكەی – ئەگەر هەبووە– ئەوا بەتەواوەتی دارِماو خەڵكەكەی تووشی رەوشێك هاتوون كە كەم وڵات پیادا تێپەریون.

لەدونیای زانستە سیاسیەكان هەڵوێستی وڵاتاندا واباوە كەرژێمێكی سیاسی كاتێك هەڵوێستێك وەردەگرێت یان لایەنگری بابەتو كێشەیەك دەبێت كە بەرژەوەندییە باڵاكانی گەلەكەی وادەخوازێو بەگوێرەی ئەم بەرژەوەندییە هەڵوێست وەردەگرێت،كەچی رژێمە بەناو سیاسیەكانی عێراق– كەزۆربەیان بەداخەوە سەربازی بوون– كاتێك هەڵوێستیان لەكێشەو ئاراستەكان وەردەگرت كەئەم جۆرە هەڵوێستانە رێك پێچەوانەی بەرژەوەندییەكانی گەل بوون، بۆیە ئیمرۆ كە كۆمەڵەی نیشتمانی دەستبەكارەو لەپرۆسەیەكی دیموكراسی لەلایەن زۆرینەی خەڵكی عێراق هەڵبژاردراون و ئەركی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی وڵاتیان لەئەستۆ دایە، دەبێ بەجدی بیر لەوە بكەنەوە كەویست و داخوازیەكانی خەڵكی عێراق بەكورو عەرەبو توركمانو. . لەم دەستوورەدا جێگیر

بکەن بەتایبەتی ئەگەر ئەم راستییە بزانین کەخەڵکی عێراق لەهەڵوێست وەرگرتنی نادروست ودوور لەواقیع تێربووەوئێستا پێویستی بەوەیە ئازادانە بژی و درك بەومافە مەدەنیو سیاسیو ئابوریانە بکات کەراگەیانداوەو رێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان بۆیانی بەرجەستە کردوە، لەم رەوشەش دەکرێ کۆمەڵەی نیشتیمانی بەگشتیو گروپی کوردستانی بەتایبەتی بیر لەوە بکاتەوە کەئایندەی عێراق لەسەر بنەمای (عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی پەرلەمانی بێ لایەن) دیار بکاتو بێ لایەنی عێراقیش بەسوودو قازانجی فراوان بۆ خودی عێراقیەکان دەگەڕێتەوەولەنێوەندیشدا خەڵکی کوردستان(چونکە هەرێمی کوردستان هەرێمێکە بەدوو سامانی گرنگ بەناوبانگە کەنەوتو ئاوە)و ئەگەر ململانێکانیش تادوێنێ نزیك لەسەر نەوت بووەو کوردستان بەهۆیەوە تووشی کاولکاری هات ئەوا ئایندەی ئەم ململانێیەش لەسەر ئاو دەبێت، ئەو کاتیش دەبێ خەڵکی هەرێمی کوردستان خۆی بۆ کاولکارییەکی دیکە ئامادە بکات، بۆیە بەر لەوەی ئەم هەڵوێست وەرگرتنە روویدات وئەم گیروگرفتەکانی پەیوەند بەئاو لەنێوان عێراقی عەرەبیو سوریاو تورکیا سەر هەڵبدات ئەرکە لە سەرگروپی کوردستان کە کاربکات تابنەمای بێلایەنی هاوشێوە لەگەڵ بێلایەنیەکەی وڵاتی سویسرە لەئەوروپادا کاربکات تاوەکو ئەمجارەش کوردستان نەبێتە گۆڕەپان بۆ ململانێ خەڵکی دیکەو جارێکی دیکە رێککەوتننامەودانیشتنی نهێنی ئەنجام بدرێت

لەسەر کوردو بەرهەمە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان کەسەرچاوەکەی نەوت وئاوە .

ئەگەر نەوت تادوێنێ نزیك ئاستەنگ بووبۆ خەونە دێرینەکانی کوردو خەڵکی کوردستان، ئەوا پێویستە ستراتیژێکی ئەوتۆ دابڕێژێتو کە ئاو ببێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ هێنانەدی ئەم هیواو ئاواتانەی کەکورد لەپێناویدا خەبات دەکات لەسەربەخۆیو ئازادییدا.

* **ڕۆژنامەی خەبات**، (١٨١٠)، **سێ شەمە**، ٢٠٠٥/٥/٣١

## کورد لە نێوان بوونی دەسەڵاتو نەبونی دەستووردا

یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو کۆمەڵگای مەدەنیدا لە بوونی دەستوردا خۆی دەنوێنێ کەوا ناسێنراوە بەوەی بەرزترین ڕێسای یاسای وڵاتەو نەخشە دانەری کارە یاسایی‌ونایاساییەکانەو لەڕێگای ئەمدا بڕیار لەسەر ڕەوایی کارەکان هەڵوێستەکان دەدرێت، چونکە بەشێوەیەك پەسەند دەکریتو دەبێتە هێڵکاری سەرەکی بەوەی هەمووخەڵکێك لە داڕێشتنی بڕگەکانو تاوتۆکردنی مادەکانی بەشدار دەبێت، واتا هەموو ئەندامێك لە کۆمەڵگا بەڕاستەوخۆی شوێنپێیەکیدەبێت لە دەستوردا.

عێراق لەماوەی ساڵانی ڕابردوویدا بەتایبەتی لە حوکمی (٣٥) ساڵەی بەعسدا هەمیشە بەدەردی دەستوری کاتیو یان نەبوونی دەستوردا ناڵاندوە( کە لە واقیع هەبوە بەڵام کاری پێنەکراوە) و هەر ئەم ڕەوشەش وای کردمافو ئازادییەکان سەرکوت بکرێتو سیستەمی سەرتاسەری سەرهەڵبدات چونکە بەپەسەند نەکردنی دەستور تووشی پێشێلکردنو زەوتکردندا دەبێتەوە.

خەڵکی کوردستان لە ئایاری ١٩٩٢ لە پرۆسەیەکی شارستانی بێ وێنەدا لەناوچەکە، یەکەم پەرلەمانی هەڵبژاردو مافی فیدراڵی وەکو دروشمێکی کاتی واقعی بۆ بارودۆخی ئێستای هەرێم پەسەند کردو لەم

کاتەوە هەوڵی چەسپاندنی ئەم مافە دەدرێت لەحکومەتی فیدراڵیدا تائەو کاتەی لەیاسای کاتی بەڕونی دان بەم مافە نراو بوو بەواقیعو ئیستاش کار دەکرێت بۆ چەسپاندنی ئەم بنەمایە لەدەستوری هەمیشەییدا.

ئەرکی کورد لە قۆناغی داهاتویدا وێرای ئەوەی دەبێ بە کاریگەرانە بەشدار بێت لە داڕێشتنی دەستوری هەمیشەییدا، جیا لەمەش پێویستیەکی گرنگە کە دەستورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان پەسەند بکاتو لەم ڕووەوەش پرۆژە دەستورێك کە لەلایەن چەند شارەزایەك لەسالآن (٩٢– ٩٣) ئامادەکرابوو بەباشترین دیکۆمێنت دەژمێردرێت تابخرێتە بەردەم ئەندامانی کۆمەڵگا تا تاوتۆ بکرێتو پەسەند بکرێت چونکە ناکرێت داوای مافێك بکرێت و ئامادەکردنی بەدەست هاتنی بەرجەستە نەکرێت کە ئامادەکردن یان پەسەند کردنی دەستور بۆهەرێمی کوردستانو راگەیاندنی ناوەڕۆکەکەی بۆ میدیاکان بەهەنگاوێکی کاریگەر دەژمێدرێت بۆ چەسپاندنی فیدرالیەت لە عێراقی ئایندەدا.

دەسەڵاتی کوردی لەماوەی سالآنی ڕابردویدا چەندین هەوڵی خستە کار بۆ گەڵاڵە کردنی دەستور، بەڵام هەوڵەکان بەهۆی هۆکاری جیاجیا تووشی بەربەست بونو تووشی تەگەرە هاتو لەم پێناوەدا کە ئیمڕۆ تاڕادەیەك ئەم بەربەستانە وەلا نراون، بۆیە ڕەوشەکە بەجۆرێك لەبارە کە دەستوری هەرێم بەر لە داڕێشتنی دەستوری هەمیشەیی حکومەتی فیدراڵ پەسەند بکرێت تا لەداهاتودا هیچ لایەنێك بیر لەوە نەکاتەوە کە سازش لەگەڵ کورد

بکـاتو دان بـەمافێك بـۆ کـوردبنێن کەلەفیدرالیـەت کـەمتربێت یـان لـە چوارچێوەی فیدرالیەتێکی سنوردار بێت، چونکە تائێستاش کەسانێك هەن بـیر لـەم جـۆرە تێڕوانینـە دەکەنـەوەو کاریشـی بـۆ دەکـەن کـە جێگـای داخەهەنـدێکیان تـا دوێنـێ لـە میوانـداری هـەرێمی کوردسـتانو خەلکـە خۆڕاگرەکـەی بـوون، جیالـەوەی بەپەسـەند کردنـی دەسـتور بەرنامـەو بەرژەوەندییـەکان یـەکلا دەبنـەوەو لـەڕێگای ئەمیشـدا دەکـرێ ڕێـژەی شکست و سەرکەوتنەکانمان هەڵسەنگێنین تا پەرە بـە لایەنـە ئیجابیـەکان بدەینو هەوڵی لابردنی سلبیەکانیش بدەین کـە بـێ گومـان ئاکامەکـەی بـە قازانجی کوردو دۆزە رەواکەی کۆتادێت.

* **رۆژنامەی خەبات، (١٦٨٢)، یەك شەم، ٢٠٠٥/١/١٦**

## بۆ داخوازییەکانی کورد جێبەجێ ناکرێن؟!

بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی خۆیدا هەمیشە لەناکۆکییو رووبەڕووبوونەوەی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا بووە بەهۆی ئەو کێشانەی کەبەهەڵپەسێردراوی مابوونەوەو چارەسەرنەکران هەر لەبڕوا نەهێنان بەمافی کورد لە خۆ بەڕێوەبردن (خودمختاری، فیدراڵیەت، سەربەخۆیی) تا دزینی سامانی کوردو دواترینیشیان کەبەئەستەمترین کێشە دادەنرێت کێشەی دیارینەکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقە، چونکە سەرانی رژێم لەعێراق لەهەموو سەردەمێك ئەگەر کەم یان زۆرتر ئامادە بووبن (لەبەر چ هۆکارێك) لەگەڵ سەرکردایەتی کورد دابنیشنو گفتوگۆبکەنو ئاکامیشی لێ بەرهەم بهێت ئەوا ئامادە نەبوونە هیچ گفتوگۆیەکیان لەمەڕ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق بەئاکام بگاتو ورێکەوتننامەی ئاداری ساڵانی حەفتاش بەباشترین بەڵگەنامە دەژمێردێت.

عێراق لەدوای ئازایدا و پاش ئەوەی دەستووری کاتی راگەیەندرا، هەمو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لەناوچە ئازادکراوەکان بەپەرۆشی ئەوەبوون کەئیتر لەمەو دوا ئەم ناوچانە دەخرێتەوە سەر خاکەکەو هەرێمەکەیان کەکوردستانە، کەچی دواتر ئەم کێشەیە هەروەکو جاران بەهەڵپەساردراوی مایەوەو ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراق هاوشێوە لەگەڵ ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی سەردەمانی پێشوو ئەم کێشەیەی بەهەڵپەساردراوی هێشتەوە تا(بارودۆخ ئارام دەبێتەوە، ئارامکردنەوەی بارودۆخ لەتێڕوانینی سەرانی عێراق مانای سەرلەنوێ خۆ بەهێز کردنەوەو نکۆڵی کردن دەنوێنێ لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانو ئەگەر

ئەم تێڕوانینەیان نەبێت ( کەهیوادارم بەهەڵە داچوویم)ئەوا بۆتا ئێستا دوای زیاتر لەساڵێك لەدەرچوونی دەستووری کاتی هیچ هەنگاوێك بۆ ئارام کردنەوە نەهاوێشتراوە بەتایبەتی مادەی (٥٨)ی سەبارەت بەئاساییکردنەوەی بارودۆخ لەکەرکوك.

بڕواهێنان بەفیدراڵیەت بۆ خەڵکی کوردستان نابێتە هۆکارێك بۆ یەککلاکردنەوەی بنەڕەتی کێشەکان چونکە نەوەکو فیدراڵیەت بەڵکو سەربەخۆیی بەمافێکی سروشتی هەموو گەلان دادەنرێتو پێویستی بەکێشمەکێشم و گفتوگۆکردن نییە بەڵکو کیشەی سەرەکی کورد لەعێراقدا خۆی لەدیاریکردنی سنوور دادەنرێت کەهۆکارە جۆگرافیەکانو سروشت دیاریکردوون کەزنجیرە چیاکانی حەمرینو مێژووش جەختی لێدەکاتەوە،بەلآم نەیارانی کوردو رەگەزپەرستان هەوڵی نکۆڵیکردنی ئەم راستیانە دەدەن.

دیارینەکردنی سنووری هەرێمی کوردستان تەنها یەك ئاکامی لێدەکەوێتەوە کەئەمیش بەردەوامبوونی پشێوی و نائارامیە لەعێراق کەئاکامەکەش تەنها بەوە چارەسەر دەبێت کە پێویستە دان بەواقع و رووداوەکانی مێژووی بهێنرێت کە خۆی لەدیاریکردنی ئەم سنوورە دەنوێنیو دانیش بەوە بنرێت کەئەم ناوچانە بەشێکن لەکوردستانی عێراق بەتایبەتی کەرکوكو موصلو ناوچەکانی دیکەی وەکو شەنگارو خانەقین.

* **رۆژنامەی خەبات، ( ١٦٧٦ )، دووشەم ، ٢٠٠٥/١/١٠**

# كەركووك كیلیلی چارەسەری كێشەكانە

بەر لە نزیكەی دوو ساڵو لە هەنگاوێكی كاریگەرو لە كۆنفرانسێكی نێو دەوڵەتی مەڵبەندی بارزانیی نەمر، كێشەی كورد خرایە بەردەم كۆنفرانسەكە لەژێر ناوی كورد كلیلی چارەسەری كێشەكانەو كۆنفرانسەكە بەچەندین لێكدانەوەو بیرو بۆچوون كۆتایی بەكارەكانی خۆی هێناو سەرجەم بیروبۆچوونەكان لەم چوار چێوەدا خولانەوە كەداكۆكیان لەم راستیە مێژوویە دەكردەوە كە عێراق تاماوە هیچ ئارامیەك بەخۆیەوە نابینێت ئەگەر كێشەی خەڵكی كوردستان چارەسەر نەكرێت لە چوارچێوەی ئەو مافو داخوازییانەی كەخەڵكەكەی بەرزیان كرۆدتەوە كەخۆی لەفیدراڵیەت دەنوێنێ، ئیمڕۆ دوای دوو ساڵ عێراق بە گشتیو كوردستانی عێراق بەتایبەتی لەبارودۆخێكی تەواو جیاوازە لەم رۆژانەی كەكۆنفرانسەكەی تیایدا سازدرا دەژی وئیمڕۆ كورد بە پراكتیكی بەشداری حوكمەو تارادەیەك توانیویەتی مافی فیدراڵیەت وەكو شێوازێكی نوێی پێكەوە ژیان لە چوار چێوەی یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بچەسپێنێت سەر باری ئەم هەموو مشتومڕەی لەسەر یاساكە كرا بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە یاساكە توانی ئەم راستیە بەسەرجەم خەڵكی عەرەبی عێراق بگەیەنێت كە خەڵكی كوردستان دەستبەرداری ئۆتۆنۆمیو شێوازی كلاسیكی بوونەو ئیمڕۆ لە قۆناغی ئێستادا داوای

فیدراڵیەتیسیاسی دەکەن جیا لەوەی یاساکە ئەم راستیەش بەدیار خست کە هەندێ رۆڵەو کەسایەتی عەرەبی خاوەن هەڵوێستو مێژوو هەن دان بەم مافە بهێننو ئەندامانی عەرەبی ئەنجومەنی فەرمانڕەواش ئەوانەی واژووی یاساکەیان کردو تەحەفوزیان نیشان نەدا تەنهاو تەنها ژمارەو نمونەیەکی کەمی ئەم دڵسۆزانەن، هەربۆیەش دەتوانم بڵێم کەفیدراڵیەت تارادەیەکی باش کەوتۆتە ژێر لێکدانەوەی ئەم عەرەبە شۆڤێنیانەی کە تادوێنێ دانیان بەپلەی دووی هاوڵاتی بوونی کوردیان نەدەهێناو ئەم لێکدانەوانەش ئاماژەن بە داهاتووی گەشی چەمکی فیدراڵیەت لەعێراقی نوێدا دەکەن، بەلام ئەوەی گرنگە لێرەوە باسی لێوە بکەینو بیخەینە ژێر لێکدانەوە خۆی لەم راستیە دەنوێنێ کەئایا بایەخ وگرنگی فیدراڵیەت بەبێ کەرکوك و ناوچە کوردنیشینەکانی دیکەی کەبە عەربەکراون..چی دەبێت ؟ و ئایا فیدراڵیەت بەبێ کەرکووك چ نرخو بەهایەکی دەبێتو ئایا ئایندەی کورد بەبێ کەرکووك بەرەو کوێ دەڕوا؟

بەر لەخستنە ناو ئەم پرسیارانەدا پێویستە ئامازە بەرووداوە مێژوویەکان بکەینو دواتر حوکم لەسەر بابەتەکان بدەین و بە دیارترین رووداوی مێژوویش و بەپشت بەستن بەبەڵگەنامە مێژوویو جوگرافیەکان و کرداری سروشتی خودایدا ئەوا ئەم راستیە بەدیار دەکەوێ کە کەرکووك شارێکی کوردستانەو بەشێکی زیندووی هەرێمی کوردستانی عێراقە، وهەربۆیەش دەبینین سەرکردایەتی سیاسی کورد بەدرێژایی قۆناغەکانی

خەباتیـدا بـەهیچ شـێوەیەك سازشـیان لەسـەر کـورد بـوونی کـەرکووك نـەکردووەو هـەر کێشـەی کـەرکووکیش بـووە کـە چـەندین رۆڵـەی ئـەم کوردستانە گیانیان لەپێناویدا بەخت بکرد.

بەگەڕانـەوە بـۆ مێـژووی نزیکـی خەڵکی‌کوردسـتان‌و بەتایبـەتی بـۆ سەردەمی شۆڕشـی ئـەیلول دەبینـرێ کـە سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد، دوای چەندین دانیشتن‌و گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی ناوەندا توانی یاسـایەك بـە سەرانی رژێم وازۆبکەن کە لـەهیچ لایـەنێك لـە فیدراڵیـەتی‌ئیمڕۆدا کەمتـەر نەبوو وجیاوازیەکەشی بە بڕوای خۆم تەنها لەناوەکەی و هەنـدێك بـوارێکی دیکـەی کـەم بووە،بـەڵام کاتێـك یاسـاکە تـاوتوێ کـراو کەوتـە بـواری پراکتیزە کردنی‌و دوای چوار ساڵ، کار گەیشتەوە کێشەی کەرکووك کەلـە مـاوەی (٤سـاڵی) (١٩٧٠-١٩٧٤) بەهەڵپاسـردراوی(معلـق) مـابووەو ئـیتر سەرجەم بابەتەکانی وەلا نران‌و کێشە مەترسـیدارەکە کەوتـەوە بـەرباس‌و ئاکامەکەشـی بـەو راسـتیە گەیشـت کـەکورد ئامادەنییـە سـەربەخۆییش وەربگرێـت بـەبێ کـەرکوك چـونکە سـەرانی کـورد کـەرکووکیان بـەدل ناساندووەو مرۆڤیش بەبێ دڵ ناتوانـێ بـژێت‌و خـەڵکی کوردسـتانیش بـەبێ کـەرکووك ئامـادەنین لەگـەڵ عێراقـدا بـژین، ئیمڕۆکـە عێراقیـەکان سەروەریەتی لە هاوپەیمانان وەرگرتەوەو لە دوای تەموزەوە یاسـای کـاتی دەکەوێتە بواری پراکتیکەوە کەتیایدا هاتووە پێویسـتە کێشـەی کـەرکووك چارەسـەر بکرێـت بـەر لـەماوەی هەڵبـژاردن و ئامـاری گشـتی لـە رێگـای

گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شارەکەو گەڕاندنـەوەی ئـەو عەرەبـە هاوردانـەی هێنـراون بـۆ ئـەوێو گواسـتنەوەیان بـۆ شـوێنی رەسـەنی خۆیـان لـە ناوەڕاستو باشووری عێراقدا ئەوا رێگاکـە تاڕادەیـەك فەراهـەم دەبێـت بـۆ چارەسەر کردنی دایکی هەموو کێشەکان. پێویسـتە لەسـەر سـەرکردایەتی سیاسی کورد لـەم قۆناغـەدا سـەرجەم وزە وتواناکـانی خـۆی لەهـەردوو ئیدارەکـەدا بخاتـە بـەردەم کێشـە سـەرەکیەکەیو هەوڵبـدات پشـت بەتواناکانی خۆی ببەستێت بۆ نیشتەجێ کردنی ئاوارەکـانو هانـدانی ئـەم ئاوارانەی لەژێر ئیدارەی هەردوو حکومەتەکـەدا ژیـان دەگـوزەرێنن بـەوەی تەواوی ئاسناکارییان بۆ فەراهـەم بکـات تالـەژیانی ئـاوارەییو دەربـەدەری رزگاریان ببێت. ئەگەر کورد بەکلیلی چارەسەری کێشەکان بژمێردرێت ئەوا کەرکووکیش بەناوەڕك و هۆکارە سەرەکیەکەی کورد دادەنرێت بۆیە ئەگەر هاوپەیمانانو سەرکردایەتی سیاسی نوێی عێراق خـەمخوری دامەزرانـدنی عێراقێکی نوێی دیموکراسـیو فیدراڵـە کەمافـەکانی مرۆڤـی تیـادا پـارێزراو بێت ئەوا ئەرکە لەسەری کەمافی مافخوراوان بگەرێنێتەوەو دان بەو راستیە مێژوویەشدا بهێنێت کەکەرکووك شارێکی کوردسـتانیەو بەشـێکی زینـدووی هەرێمی کوردستانەو بەم هەڵوێسـتەش دەتوانـێ ئامانجـەکانی لـەعێراقێکی گەشو رووناك دەستە بەر بكات.

* رۆژنامە خەبات ( ١٤٨٨ )، یەك شەممە ، ٢٠٠٤/٧/٤

## دوای زیاتر لە( ٢٧ ) ساڵ لەسەر داخوازی بارزانی نەمر: کاتی ئەوە نەهاتووە کوردیش داوای سیفەتی ئەندام یان چاودێر بوو بکات لەنەتەوە یەکگرتووەکان.

یەکێك لەخەسڵەتە دیارو بەرچاوەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەوەیە کە دوای هەر ناکۆکیو وێرانکارییەك لەجیهاندا هەوڵی ئەوە دەدات کە چاوپێداخشاندنەوەیەك بەرەوشی گشتی رابردووی بکات، تاوەکو ئەوهۆکارانە دەست نیشان بکات کە بوونەتە پاڵنەر بۆ ئەم ناکۆکیو وێرانکارییە هەر ئەم چاوپێداخشانەوەیەشی وایکردووە کەکۆمەڵەی گەلان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان دابمەزرێتو دواترش UN وەکو رێکخراوێکی کاراتر وبەهێزتر لەکۆمەڵەی گەلان دابمەزرێت تاوەکو گەلانی جیهان رووبەڕووی هیچ جەنگێکی نوێی جیهان نەبێتەوە.

نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەماوەی کارکردنی تاوەکو ئیمڕۆ بەگوێرەی رەهەندە سیاسیو بارودۆخی نێو دەوڵەتی کاری کردووەو پرۆژەکانیش لەناوچەکانی جیهان بەرزونزمی تیایدا کەوتووەولەهەمووکاتو ساتەکاندا لەیەك ئاستدا نەبووە،ئەمەش بۆ رەوتی گشتیو ئاڵۆزی بابەتەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرتاسەری ئەوا UN توانیویەتی کەم یان زۆر رۆڵو کاریگەریەکی لەهەر کێشەو ناکۆکیدا بنوێنێتو هەر ئەم رۆڵەش وای لەگەلانی جیهان کردووە کەلەزۆربەی ناکۆیەکان پەنا بۆ ئەم دەزگا نێودەوڵەتیە ببەن لەپێناو داکۆکیکردن لەمافو داخوازییەکانی.

بەر لەسالانی نەوەتی سەدەی رابردوو، هەرچەندە UN لەئاست بەرپرسیاریەتی وئەرکەکانی نەبوو بەرامبەر بەگەلی کورد لەکوردستانی عێراق چونکە دەیان پێشێلکاری بڕیارو راسپاردەکانی ئەم رێکخراوە

جیهانیـە کـران‌و بەهۆیەوەگـەلی کـورد رووبـەڕووی جینوسـایدو لـەناوبردن بووەوە کەچی UN هـیچ کاردانەوەیـەکی ئـەوتۆی دەرهـەق بـەم تاوانانـە نەبووەو هیچ هەڵوێستێکی بوێرانەی دژ بەدیکتاتۆریەت‌و کـاولکردن نەنوانـد کەئەمەش بووە هۆی ئەوەی UN ئـەم متمانەیـەی لەدەسـت بـدات بـەوەی دەزگایەکە دامـەزراوە بـۆ پارێزگـاریکردن لەگـەلانی ژێـر دەسـتەو ئەوانـەی رووبەڕووی جینوساید دەبنەوە.

تیشـك خسـتنە سـەر ئـەم رۆڵـە نەرێیانەونائاسـاییەی ئـەوکاتی UN بەرامبەر قەتڵ‌و عامکردنی خەڵکی کوردستان نواندنی، واله UN دەخوازێـك کە (غبن)ە مێژووییەی دەرهەق بـە کـوردی کـردەوە لەسـەر شـانی لابـدات وئەمـەش تـەنیا بـەوە دەکرێـت کەسـیفەتی چـاودێر یـان بەئەنـدامبوونی بەنوێنەرانی کورد ببەخشێت لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان.

پەسەندکردنی سیفەتی ئەندامبوونی کورد یان بە چاودێرکردنی لـە UN دا وێرای ئەوە ئاواتێکی لـە مێژینـەی بـارزانیی نـەمر بـووە ئـەوا بەلایـەتی کەم بـە دەرگایـەکی نـوێش دەژمێردرێـت بـۆ نەتەوەیـەك کـەدەیان سـاڵە دەنگی کپ‌و سەرکوت دەکرێت، بۆیـە داواکـارم لـە پەرلـەمانی کوردسـتان کەپرۆژە پێشنیارێك ئامادە بکات ودوای پەسەندکردنی بخرێتـە بـەردەم وکۆمەڵـەی گشـتی تـاوەکو کـوردیش وەکـو سـەرجەم نەتـەوەکانی UN دیکـەی جیهـان سـیفەتی بەئەنـدامبوون یـان چـاودێری پێببەخشـرێت لـەرێکخراوی جیهـانی تـاوەکو بتوانـێ بـە ئاسـانی مـاف‌و داخوازییـەکانی بەسەرجەم نەتەوەکانی جیهان بگەیەنێ.

خـەڵکی کوردسـتان بەگشـتی‌و دامودەزگـا شـەرعیەکانی لەپەرلـەمان‌و حکومـەتی هـەرێم لـەماوەی رابـردووی تەمـەنیان توانیـان نموونەیـەکی شارسـتانیانە لەخۆبـەرێوەبردنی کـوردی پێشـکەش بـە جیهـان بکـەن‌و

هەندێکیان بەتاقە دیاردەی شارستانیو دیموکراسی ناوچەکەی هەژمار دەکەن ، بۆیە بارودۆخی ئیمڕۆی جیهانو ناوچەکەش لەبارە بۆ کورد کە داکۆکی لە مافو داخوازییەك بکات کە چەندین ساڵە لێی بێبەش کراوەو لەهەمان کاتیش ئەرکە لەسەر UN لەپێناو ئەوەی مسداقیەتی خۆی لەدەست نەدات بەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕاستی نوێنەری نەتەوەکانی جیهانە ئەوا دەبێ ئەم جۆرە پرۆژەیە پەسەند بکاتو بەم هەڵوێستەی دەتوانێ ماف بۆ خاوەنەکانی بگەڕێنێتەوە کە ساڵانێك بەهۆی بارودۆخی رامیاری جیهانو دووکوتلەو جەمسەری نێودەوڵەتی نەیدەتوانی ئەم زوڵمەو پێشیلکردنە لەسەر گەلە ژێر دەستەکان لابدات، بۆیە رەوتی جیهانو دەنگی ئازاد یخوازیش هاودەنگو دڵسۆزی ئەم جۆرە داخوازیو داواکارییانەنو بەبێ گومان ئەم جۆرە پرۆژانەش ناحەزی دەبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دۆستو لایەنگیری زۆریشی دەبێتو پەنا بەخودا پرۆژەکەش پەسەند دەکرێتو کوردیش بەم مافە و سەرجەم مافەکانی دیکەی شاد دەبێت.

*** هەفتەنامەی گولان، ژمارە (٤٧٨) لە ٢٠٠٤/٤/١**

# کـۆتـــایی

## ئەگەر فیدراڵیەتمان پێ ڕەوا نابینن

## ئەوا ڕا پرسی ڕیفراندۆم چارەسەرە!

دوای ئەو گۆڕانکارییانەی عێـراق بـەڕووخانی ڕژێمـی بـەعس بەخۆیـەوە بینی وا پێدەچی ئەوبەڕێزانـەی تـا دوێنـێ نزیـك لـە کوردسـتان میوانـداری دەکـران و وەکـو سـەرکردەو ڕابـەری ئۆپۆزیسـیۆن دەناسـرێن کـە بـڕوای تەواویان بەماف و ئازادییەکانی خەڵکی عێـراق هەیـە بـەوەی پێویسـتە ئـەم گەلانـەی سەربەسـت بـن لـە دیاریکردنی شـێوەی ئـەم فەرمانڕەوایەتیـەی بـەگونجاوی دەزانـن و، لـەم ڕوانگەیەشـەوە هەمیشـە جـەختیان لـەوە دەکردەوە کەدەبێ بۆ گەل بگەڕێنەوە بەر لەوەی هەر بڕیارێك دەربچێت و کاری پێ بکرێت، بەڵام کەچی تەواو پێچەوانە لەم واقیعەی دوێنـێ نزیـك وا هەست دەکرێت کە ئەم بەڕێزانـەش لـە م تێڕوانینانـەیان تـا ڕادەیـەکی زۆر پاشگەز بوونەتەوەو دەیانەوێ لەژێر پەردەو بـەناوی جیاجیـادا ئـەمجارەش خەڵکی کوردستان چەواشە بکەن و بۆ جارێکی دیکـە هیـواو ئاواتـەکانی لـە گۆڕ بنێن. سەرانی دوێنێی ئۆپۆزیسیۆن و لیژنـەی هەماهـەنگی و ئەنـدامانی ئیمــڕۆی ئەنجومــەنی حــوکم کاتێــك لــە کوردســتان پێشــوازیان لێ دەکراوکوردەواریانە ڕێزیان لێ دەگیرا: زۆر بەڕاشـکاوانەو لـەدڵێکی سـاف و بـی گـەردا هاوشـێوە لەگـەڵ بـەفرو کانیـاوە بـێ گـەردەکانی کوردسـتان جەختیان لەسەر مافی فیدراڵیـەت دەکـرد بـۆ هـەرێمی کوردسـتان تـاوەکو

بەبڕوای ئەوان کورد ببێتە نموونەیەك بۆ ژیانی خۆ بەڕێوەبردن تاوەکو وڵاتانی هاوپەیمان بگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەوانو گەلانی دیکەی عیراقیش دەتوانن کاروباری خۆیان بە گونجاوترین شێوە بەڕێوەبەرن، ئیتر ویستەکانیان هاتەدیو خەڵكو سەرکردایەتی کوردیش توانی ئەو ڕاستیە بسەلمێنێ کەتوانای بەڕێوەبردنێکی گونجاوی هەیەو ئەزموونی ١٢ساڵی حوکمڕانی باشترین بەڵگەیە،بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەو هەڵوێستە گۆڕاوانەی ئەم بەڕێزانەیە کە لە بارو دۆخی ئێستادا لێرەو لەوی دەرهەق بە فیدرالیەت ڕایدەگەیەننو جۆرە تەماویو نادیارییەکی پێوەیە ، ئەوەتانێ ئەندامێکی بەڕێزی ئەنجومەنی حوکم لە بەرنامەی (لقاء الیوم) ی کەناڵی جەزیرەدا لە ڕۆژی ١١/ ٢/ ٢٠٠٤ دا زۆر بەڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە دەبێ فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن عێراقیەکانی باشورو ناوەڕاست( عەرەبەکانی عێراق) پەسەند بکرێت ئەو کات بڕیار لەسەر فیدراڵیەت بوونی عێراق دەدرێتو پێچەوانەکەشی وا دەگەیەنێ کە ئەگەر عەرەبەکانی عێراق لەسەر فیدرالیەت ڕازی نەبن ئەوا ئامادەنین دان بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان بنێن ئەمە لەکاتێك ئەم بەڕێزە ئەو ڕاستیەی لەیاد چوە کە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانە لەساڵی ١٩٩٢ بەکۆی دەنگی ئەندامانی لە فراکسیۆنەکانی زەردو سەوزو مۆرەوە پەسەندی مافی فیدراڵیەتیان بۆ هەرێمی کوردستان کردوەو، پەرلەمانیش دەربڕی ویستو ئاواتەکانی

خەڵکی کوردستانە. ئەگەر ئەم بەڕێزانە تادوێنێ ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بوون لە هەڵوێستو تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە فیدرالیەت و مافی خۆبەڕێوە بردنی گەلی کورد پەشیمان بونەتەوە ئەوا دەبێ ئەو ڕاستیە دووپات بکەینەوە کە ئەگەر خەڵکی کوردستان لەساڵانی ١٩٩٢و لەژێر ئەو بارو دۆخەی کە ئەو کات پیایدا تێدەپەڕێ ئەوا داوای مافی فیدراڵیەتی کردبێت ئەوا ئیمڕۆ ئەم خەڵکانەو دوای گۆڕانکارییەکانی نێو عێراق بەگشتیو دوای گۆڕینی هەڵوێستەکانی ئەوانەی تادوێنێ دانیان بەمافی کورد دەهێنا ، ئەوا خەڵکی کوردستانیش لەژێر ئەم بارو دۆخە نوێیەدا فیدراڵیەت بە کەمترین مافی خۆیان دەزانن و بۆیە بەجدی هەوڵ بۆ ریفراندۆمو کۆکردنەوەی بیروڕای خەڵك دەدرێت کەوا تییادا داوای ئەو مافە بکەن کە بۆ سەردەمی ئێستاماندا گونجاوەو زۆرترین خەڵکیش هاوکۆکن لەسەربنەمای سەربەخۆبنو یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە.

گەڕانەوە بۆ پرس کردن بەعەرەبەکانی عێراق تاوەکو بڕیار لەسەر مافی خەڵکی کوردستان بدەن جیا لەوەی پێشێلکردنێکی رەهای مافەکانی مرۆڤو رێساو یاسا نێودەوڵەتیەکانە ئەوا بەزەنگێکی مەترسیداریش دەژمێردرێت بۆ سەرلەنوێ ژیانەوەی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا، بەڵام ئەم جارە جیا لەجارەکانی دیکە لەژێر پەردەی زۆرینەوکەمینەدا خۆی دەنوێنێت . ئەگەر سەرانی ئیمڕۆی عێراق ویستیان لەسەر ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە ئەوا بەر لە هەر شتێك پێویستە رێگا

بەهەموو گـەلانی نێـو ئـەم وڵاتـە بـدرێت کەویسـتو داواکارییـەکانیان دیـار بکـەنو دواتـریش جێبـەجێ بکرێـت نـەوەکو لـەژێر پـەردەو ناوێـك هـەوڵی لەناوبردنی ئەم مافو داخوازیانە بدرێت.

خەڵکی کوردستان لەسەر حەتمییـەتی ئـەو واقعـەدا کۆکن کـە ئەگـەر کەسانێك ئیمڕۆ ئامادەنەبن دان بەمافە ڕەواکانی بهێنێت، ئەوا بەبێ گومـان لـەداهاتوودا رێگاشـی پـێ نـادەن بەشـداربێت لەبـەرێوەبردنی وڵات، بۆیـە پێویســـتە هـــەر لەئێستاوەهەڵوێســـت و دەربڕینـــە تەماوییـــەکانیان یەکلابکەنەوە بەپێچەوانە بەردەوام بونیشیان لەسەر هەڵوێستەکانیان ئـەوا هاندەرێکە بۆ خەڵکی کوردستان کە دووپاتی ئەو واقعـە بکاتـەوە کەئەگـەر فیدراڵیەتمان پێ بەرەوانابینن، ئەوا لەکۆتاییدا تـەنها و تـەنها سـەربەخۆیی دەبێتە چارەسەرو یەکلاکەرەوەی سـەرجەم بابـەتو هەڵوێسـتەکانی بۆیـە بەر لەوەی بگەین بەم رەوشە پێویسـتە هـەموو لایـەك بەتایبـەتی نـەیارانی فیدراڵیــەت بەخۆیانــدا بچــنەوە وبگەنــە ئــەو قەناعەتــەی کــەرێرەوەی پێشکەوتنی گەلان بەهیچ  کەسو لایەنێك ڕاناگیرێت ودواناخرێتو  خـەڵکی کوردستانیش پەسەندی کەمترین مـافی کـردووە کـە فیدراڵیەتـە لـەپێناوی ئەوەی  عێراقی داهاتوو عێراقێکی پێشکەوتووئازادبێت کەمافەکانی مـرۆڤ و یاسـا پیرۆزەکـانی تیایـدا سـەقامگیر و باڵادەسـت بێـتو دوور بێـت لەدیکتاتۆریەت وبیری تاکڕەوانە.

* **ڕۆژنامەی خەبات، (١٣٧٣)، سێ شەم، ٢/٣/٢٠٠٤**

## لە بڵاوکراوەکانی دەزگای O.P.L.C:

١ - پەیڕەو پرۆگرامی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی/٢٠٠١.
٢ -الفدرالية الكوردستانية و التوقعات المستقبلية/٢٠٠١.
٣ - لەبارەی ڕۆشنبیریی سیاسی/ د.شیرزاد احمد النجار/ و. محمد وەسمان/٢٠٠٢.
٤ - دەماگیریی نەتەوایەتی/ د. محەمەد گەزنەیی/٢٠٠٢.
٥ - مساهمة في الامن القومي و سياسة الدفاع و جدلية العلاقة بينهما الحقوقي / ماجد طاهر خليل/٢٠٠٢.
٦ -یاسای ڕۆژنامەگەری/ د. کەمال سەعدی/٢٠٠٣.
٧ -شرح قانون الجنسية العراقية/ المحامي سركوت سليمان/٢٠٠٣.
٨ -شرح اصول المحاكمات الجزائية/ د. رزگار محمد قادر/ ٢٠٠٤.
٩ - ئازادیی ڕۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە/ د. کەمال سەعدی/ ٢٠٠٤.
١٠ -فەلسەفەی یاسا /پ.د.عبدالرحمن رحيم عبدالله/ وەرگێڕانی: عوبێد خدر و سەرکەوت سلێمان و هیوا ابراهیم حەیدەری/ ٢٠٠٤.
١١ -قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية/٢٠٠٤.
١٢ -پێناسەی دەستوور/ د.عبد الرضا الطعان/ وەرگێڕانی سابیر ڕەشید /٢٠٠٤.
١٣ -السيادة و التدخل الانساني /د.مهدي جابر مهدي/٢٠٠٤.
١٤ -ئۆپەرێتی تالاسیمیا/ هۆنراوەی کازم کۆیی/٢٠٠٤.
١٥ -پەیامی یاسا/ دلێر ئیبراهیم/٢٠٠٤.
١٦ -النظرية العامة لحقوق الانسان/د. جابر صابر طه /٢٠٠٤.
١٧ -یاسای ( دادگای تاوانکاری عێراقی تایبە تمەند )کریم محمد سۆفی/٢٠٠٤.
١٨ -ضمانات حماية حقوق انسان في اقليم كوردستان العراق /يعقوب عزيز قادر/٢٠٠٠٤.

١٩ -خولی کۆمپیوتەر و ڕۆشنبیری یاسایی/توانا محمد/٢٠٠٥
٢٠ -یاسا ژیانی/هاشم ئەتروشی/٢٠٠٥.
٢١ -ڕاستی و یاسا /دایکی بەهرە/٢٠٠٥.
٢٢ -بەرەو یاسا/هاشم حوسێن بلباس /٢٠٠٥.
٢٣ -الشرائع السماوية السابقة .../د. محمد گزنی/٢٠٠٥.
٢٤ -ئاوێنەی شارستانی/کازم کۆیی /٢٠٠٥.
٢٥ -ظاهرة عمل الاطفال في محافظة دهوك/حاجي رمضان بيسكى و شريف تيجر/٢٠٠٥.
٢٦ -فەلسەفە و یاسا لە چەند وتارێکدا /د.کمال سعدی/٢٠٠٥.
٢٧ -الجزاءات في ميثاق الأمم المتحدة ومحاكمة مجرمي الحرب في العراق/المحامي محمد حسن برواري/٢٠٠٥.
٢٨ -ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی هەنگاوی بچوک وئاواتی گەورە/ سردار عزيز حمدامين /مسعود عثمان شێخ وەتمانی/٢٠٠٥.
٢٩ -بیرە زیندووەکانی ڕۆسۆ ٢٠٠٥/بشير حسين سعدی/٢٠٠٥.
٣٠ -الجزاءات في قانون الإعلام لإقليم كوردستان العراق /دراسة تحليلية مقارنة/عبدالفتاح عبدالرزاق محمود/٢٠٠٥
٣١ -تیشکی ژیان...هۆنراوە/کازم کۆیی/٢٠٠٥.
٣٢ -پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق/٢٠٠٥.
٣٣ -یاسای سەلماندن – هیوا ابراهیم حیدری /٢٠٠٥
٣٤ -هزرو سیاسەت – د.شێرزاد نەجار/٢٠٠٥
٣٥ -یاسا لەنێوان کارکردن وخوێندن دا/ عاليه عبدالكريم ابراهيم (دایکی بەهرە)٢٠٠٦.

٣٦ السلطة القضائية بين الاستقلال والاستغلال/ عبدالكريم يحيى الزيباري/ ٢٠٠٦.

٣٧ حقوق الانسان في المذاهب الفكرية / كمال سعدي مصطفى/٢٠٠٦.

٣٨ القصد الجرمي في المساهمة الجنائية( دراسة مقارنة )/أوزدن حسين دزەيی/٢٠٠٦.

٣٩ - التنظيم القانوني للتصاميم الدوائر المتكاملة( دراسة مقارنة )/ ئازاد شكور صالح/٢٠٠٦.

٤٠ -هەرێمی کوردستان و دەستووری هەمیشەیی نووسینی/بەختیار غەفور بالەکی/٢٠٠٦.